

## نامدار قەرەداغی:

### حەزم لە موزیکی کلاسیکی و هارمۆنیایە.. لە دەرەوەی وڵاتیش هەوڵمان دەدا، جارێکی دی دایکان و باوکان و منداڵەکانیان بە ڕەسەنایەتی و کوردایەتی ئاشنا بکەینەوە.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(١ - ٢)**

* نامدار عومەر عەبدولڕەحمان، کە لە کوردستان بە نامدار قەرەداغی ناسراوە، هونەرمەندێکی دیاری بواری گۆرانی و مۆسیقای کوردییە، هەر لە منداڵییەوە هۆگری هونەری موزیک بووە، سەرەتا بە شمشاڵ و تەپڵی شەربە دەستی پێ کردووە. لە ساڵانی شەستەکاندا بە ڕێکەوت ئامێرێکی کەمان لە دوکانی فرۆشتنی پۆشاک، لەلای هونەرمەندی ناسراو (عومەر عەلی ئەمین) دەبینێ و بە نۆ دینار و نیو لێی دەکڕێ، لێرەوە گۆڕانێکی گرنگ و بنەڕەتی لە ژیانی هونەریی ئەودا دروست دەبێ. ئەم وەرچەرخانە لەو کاتەوە ڕوودەدا کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ دەچێتە تیپی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، کە ئەوسا هونەرمەند شەوکەت ڕەشید سەروکاری ئەو تیپی مۆسیقایەی کردووە، دوای ماوەیەک دەبێتە ئەندامی کۆمەڵ، بۆیە هەموو ڕۆژێک هاتوچۆیان دەکات و لەگەڵ ئەندامانی تیپەکە خەریکی ڕاهێنان دەبێ، زۆر نابات دەبێتە جێگری (شەوکەت ڕەشید)ی سەرۆکی تیپەکە، دوای نزیکەی دوو ساڵ، واتە لە ساڵی ١٩٧١ دەبێتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵ، لە هەمان کاتدا دەبێتە سەرۆکی تیپی مۆسیقای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، لەو ڕۆژەوە زۆربەی هەرە زۆری کار و چالاکییەکانی تیپەکە، ئەم هونەرمەندە بۆ گۆرانیبێژەکانی ئامادە و دابەش کردووە، ئاوازیشی بۆ هەندێکیان داناوە.

* چەند ساڵێک لەو تیپەدا دەمێنێتەوە،

تا دەگاتە ساڵی ١٩٧٧ کارێکی زۆر دەکات، بەڵام لەم ساڵە بەدواوە، وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی تیپی مۆسیقای مەولەوی، بە هەڵبژاردن دەبێتە سەرۆکی تیپەکە، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٧ەوە تا ساڵی ١٩٨٢، هەرچی کار و چالاکییەکی هونەریی ئەو تیپە هەیە جێبەجێیان دەکات، ئاواز بۆ گۆرانیبێژەکان دادەنێ و گۆرانییان بۆ ئامادە و دابەش دەکات، بەوەشەوە ناوەستێ، کە لە قوتابخانەی بێخود دەبێتە مامۆستا، تیپێک بەناوی (تیپی منداڵانی بێخود) دادەمەزرێنێت و نزیکەی (٧٠) منداڵ لەو تیپەدا کۆ دەکاتەوە، هەر لە ڕێگەی ئەو تیپەوە خزمەتێکی بەرچاو بە منداڵانی کورد دەکات، بەهۆی ئەو تیپەشەوە دەیانهێنێتە نێو دنیای هونەرەوە، ئیدی لەو ڕۆژەوەی لەم تیپەدا دەست بەکار دەبێ، خزمەتێکی زۆری هونەری کوردی دەکات.

* ئەم هونەرمەندە کە بەهۆی وەزیفەکەی باوکییەوە لە شاری هەڵەبجە، لە ساڵی ١٩٥١ لەدایک بووە، دوای ساڵێک، بە ماڵەوە دێنەوە سلێمانی، هەر لەو شارەدا دەخرێتە بەر خوێندن، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەکانی: (فەیسەڵییە) و (بێخود) و (ئەمین زەکی)، لە ساڵانی ١٩٥٧ تا ١٩٦٣ تەواو کردووە، هەر لە سلێمانی ساڵی ١٩٦٣ تا ساڵی ١٩٦٦، خوێندنی ناوەندی تەواو دەکات، دواتر لە ساڵی ١٩٦٦ تا ١٩٦٩، لە خانەی مامۆستایانی سلێمانی دەخوێنێ، هەر لەو ساڵەدا پەیوەندی بە (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی)یەوە دەکات. ساڵی ١٩٧٧، کە تیپی مۆسیقای مەولەوی دادەمەزرێنێ، لە پاڵ کارەکانی خۆی لەو تیپەدا، لە ٢٠/ ٥/ ١٩٧٧ تیپی منداڵانی بێخود دادەمەزرێنێ، تیپی مەولەوی کە لە شەقامی مەولەوی، لەناو بیناکەی تۆفیق



نامدار قەرەداغی – ئازاد عەبدولواحید

قەزاز بووە، بە درێژەپێدەری تیپەکەی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی دادەنرێ، کە ڕێک لە ١٩٦٩/١٢/٣١ دامەزراوە، بۆیە ئەندامەکانی تیپی مەولەوی، هەر ئەو ئەندامانەن کە پێشتر لە تیپی مۆسیقای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی لەگەڵی بوون، ئیتر ئەم تیپە نوێیە دادەمەزرێنن، کە پێشتر ئەندامەکانی بە هۆکاری کارگێڕی و هونەری، لە تیپەکەیان جیابوونەتەوە و تیپێکی سەربەخۆی نوێ، بە ناوی تیپی مۆسیقای مەولەوی دادەنێن.

* بیرۆکەی دروستکردنی ئەو تیپە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ەوە لەلایان چەکەرەی کردووە، لەوکاتەوە کەوتوونەتە خۆیان بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی بۆ تیپە نوێیەکەیان، دوای ئەو هەوڵە بەپێی نووسراوی کارگێڕی کە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و هونەرەکان – فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی – بەڕێوەبەرێتیی پێوەندییە گشتییەکان – ژمارە ١١٦٢٤، لە ١٩٧٨/٦/٨ و نووسراوی ئەمینداریێتیی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، ژمارە ٣٦٦٥ لە ٢٠/ ١٩٧٨/٦، نووسراوی بەڕێوەبەرێتیی ڕۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی، بە ژمارە ٥٥٨ لە ١٩٧٨/٦/٢٥، مۆڵەتەکە دەرچووە. ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای مەولەوی (٥)

کەسن، لە سەرووی هەموویانەوە (نامدار عومەر عەبدولڕەحمان قەرەداغی، ولیەم یۆحەننا خنانیشۆ، عەلی حەمەڕەزا، عەبدولڕەحمان محەمەد قەدری، مستەفا عەبدولڕەحمان) بوون. دوای وەرگرتنی مۆڵەتەکە، ئەندامی نوێ وەردەگرن. ڕۆژی ١٩٧٨/٧/٧ بە پێی پەیڕەوی ناوخۆیی، یەکەمین هەڵبژاردنی تیپەکەیان دەست پێ دەکات، لەو هەڵبژاردنەدا نامدار عومەر قەرەداغی دەبێتە سەرۆکی تیپەکە، حسێن ئەحمەد خدر دەبێتە سکرتێر، عەلی حەمەڕەزا دەبێتە ژمێریار، حەمەسەعید عەبدوڵلا و سەلاح مەجید ڕەسووڵ دەبنە ئەندامی دەستەی کارگێڕی، مەحموود محەمەدسەعید و عەبدولڕەحمان محەمەد قەدری دەبنە ئەندامی یەدەگ.

* تیپی مۆسیقای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی و تیپی مەولەوی و تیپی منداڵانی (بێخود)، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ەوە تا ئێستا لە زۆربەی ئاهەنگەکانی بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی بەشدار بوون. ساڵی ١٩٧٤ لە یەکەمین میهرەجانی هونەری کوردی لە بەغدا، کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی تێیدا بەشدار بوو، چالاکییەکانیان هەر بە شارە گەورەکانی کوردستان نەوەستاوە، بگرە زۆرجار ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقایان بردووەتە شارۆچکەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی لەوانە: هەڵەبجە، دەربەندیخان، قەرەداغ، چوارتا، قەڵادزێ، عەربەت و تاد.. لە ساڵی ١٩٧٧ەوە بەناوی تیپی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، دواتر لە ساڵانی ١٩٧٧ و ١٩٧٨ بەناوی تیپی مۆسیقای مەولەوی، لە ڕۆژی جیهانیی مۆسیقادا بەشدارییان کردووە، بێجگە لە ئاهەنگە بەردەوامەکانیان لە شاری سلێمانی و شارۆچکەکانی دەوروبەری، بەردەوام لە شاری هەولێر و کەرکووک و بەغدا و مووسڵ ئاهەنگیان گێڕاوە.

* لە شاری سلێمانی، لە زۆربەی ئاهەنگەکاندا هاوکاریی مەڵبەندی لاوانی سلێمانی، کارگەکانی جگەرە و شەکر، یەکێتیی مامۆستایان - لقی سلێمانی، یانەی فەرمانبەرانی زانکۆی سلێمانی و سەندیکای ئەندازیارانی سلێمانی و منداڵانی بێ دایک و باوک (میتم)یان کردووە، تەنانەت لە سلێمانی ئاهەنگییان بۆ نەخۆشەکانی نەخۆشخانەی سیل گێڕاوە، ئەم کارانە نیشانەی بوونی گیانی هاوکاری و پێکەوەییین کە بە فراوانی و لەسەر هەموو ئاستەکاندا، لەگەڵ تیپەکانی ناو شاری سلێمانی، بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی هونەری کوردی بووە، لەم ڕووەوە هیچ درێغییان نەکردووە و دەستی هاوکارییان بۆ هەر تیپێک درێژ کردووە کە داوای یارمەتییان لێیان کردبێ، هەمیشە نموونەی هاوکاریی نێوان هونەرمەندەکان و تیپەکان بوون، هەموو ئەوەشیان هەڵقوڵاوی گیانی نەتەوەیی بووە و لەپێناوی بووژانەوە و بەرەوپێشبردنی زیاتری هونەری کوردی، ئەو کارانەیان کردووە.

* نامدار قەرەداغی، هەر لە ساڵی ١٩٦٩ەوە کە پێوەندی بە (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی)یەوە کردووە، سەرەتا وەک کەمانچەژەنێک، دواتر وەک ئاوازدانەر و ئامادەکار و دابەشکار، کاری پەروەردەیی و کارگێڕیشی کردووە. ساڵی ١٩٧٢ سەرەتا بە گۆرانییەک بۆ هونەرمەند عوسمان عەلی دەستی پێکردووە و (شەوی بەرات)ی بۆ ئامادە و دابەش کردووە، دوابەدوای ئەوە گۆرانیی (شەوانی شوان)ی بۆ هونەرمەند سەلاح مەجید ئامادە و دابەش کردووە. هەر لەو سەرەتایەوە (٤) گۆرانی بۆ سەلاح مەجید، (٣) گۆرانی بۆ عوسمان عەلی، (٣) گۆرانی بۆ حەمەی نێرگس، (٣) گۆرانی بۆ کۆرس، (٢) گۆرانی بۆ عوسمان شارباژێڕی، (٢) گۆرانی بۆ حەمە جەزا، (٢) گۆرانی بۆ نیاز نووری، ئامادە و دابەش کردووە، دواتر کاری بۆ گۆرانیبێژان: ئیبراهیم سەعید، ئاوات

فایق، پرتەو عەبدولعەزیز، کاژاو شەوکەت، مەحموود محەمەدسەعید، ئەحمەد محەمەد، نیشتمان محەمەد غەریب، عەلی محەمەدئەمین، ئەحمەد محەمەدڕەشید، حەمەڕەئووف عەبدوڵڵا، عەلی محەمەدئەمین، خەلات خالید دلێر، کەمال ئەمین، ئاری عارف، پەیمان عومەر، جۆرج ئاشووتی کردووە و بۆ هەریەکەیان گۆرانییەکی ئامادە و دابەش کردووە.

* ساڵی ١٩٧٩ ئۆپەرێتی ڕووبار، کە (ع.ع. شەونم) بە دەستکارییەوە، لە عەرەبییەوە وەری گێڕاوە، ئەم ئاوازی بۆ داناوە و دابەشی کردووە. لە تیپی میللیشدا، ساڵی ١٩٧٨ (٤) گۆرانی بۆ دارا محەمەد هەورامی و (٣) گۆرانی بۆ کەریم خەمزەیی و گۆرانییەکی بۆ هەریەک لە هونەرمەندان عوسمان کەیمنەیی و سیروان هەورامی ئامادە و دابەش کردووە. ئەو گۆرانیانە بەشێکی زۆریان شیعرەکانیان فۆلکلۆرین، ئەوانی دیکەیان شیعری شاعیرانی ناسراوی وەک: مەدهۆش، نووری وەشتی، قادر برسی، عوسمان شارباژێڕی، ماجیدی خەیات، ئەحمەد محەمەد، ڕەووف حەسەن، دڵشاد مەریوانی، شێخ ئەنوەر، شێخ سەلام، سالار قەرەداغی، نامدار قەرەداغی بوون.

* لە بواری کارکردن لە سروودی کوردیدا زۆر کاری جوانی کردووە، چونکە هەر زوو کاریگەری ئەو سروودانەی بەسەر تاکەکانی کۆمەڵی کوردەوارییەوە زانیوە. یەکەم جار ساڵی ١٩٨٠، لە سلێمانی بە نهێنی چەندان سروودی نیشتمانی لەلایەن تیپی منداڵانی بێخودەوە بۆ هونەرمەند ناسری ڕەزازی تۆمار کردووە، کە لەو سەردەمەدا خۆی سەروکاری ئەو تیپەی کردووە، پاشان سروودەکان لە ڕادیۆی شۆڕش بۆ هەموو کوردستان بڵاوکراونەتەوە، ئەو سروودانە تا بە ئەمڕۆکەش دەگات ناو بە ناو بڵاو دەبنەوە و کاریگەریی خۆیان بەسەر هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی گوێگرانەوە هەیە، سروودەکانیش بریتین لە (من پێشمەرگەی کوردستانم)، (ئەی شەهیدان)، (دایە ماڵئاوا)، (هیوا هیوا)، (وڕ و کاس و سەرگەردانم)، (تا بمێنێ نووری چاو و هێزی پێم)، (کارگەرین جەنگاوەرین)، (سەدەی بیستەمە)، (من ئەو دیلەم)، (ساڵێکی تریش وا داهاتەوە)، (دەمی ڕاپەڕینە) بوون، سەرجەمی ئەو سروودانە لە ئامادە و دابەشکردنی ئەو هونەرمەندە بوون، سروودی (هیوا هیوا)ش خۆی ئاوازی بۆ داناوە و ئامادە و دابەشی کردووە.

* کاتێک بڕیار دەدا بچێتە دەرەوەی وڵات، سەرەتا لەڕێی هاوڕێیەکی خۆی کە لە ڕێکخستنەکانی ناو شاری سلێمانی کاری کردووە، ئەویش بەهۆی چاوساغێکەوە بەرەو ناوزەنگ بەڕێی دەکا، لەوێ یارمەتی دەدەن و بەرەو ئێران دەڕوا، لە ئێران ماوەی چەند مانگێک لە پارکی ئیرەم، خۆی و (١٢) هاوڕێی دەستبەسەر دەکرێن، کاتێ بەرێکەوت کاوەی شێخ لەتیف بەم هەواڵەی زانیوە، بە ئێرانییەکان دەڵێ ئەوانە عایدی خۆمن، بۆیە ئەوانیش پێیان دەڵێن لە پارکی ئیرەمەوە بەرەو کەرەج بڕۆن، لەوێ پارکێک هەیە، لەو پارکە، لە ماوەی هەفتەیەکدا مامەڵەیان بۆ تەواو دەکرێ، پێشیان دەڵێن ئەگەر ئەو پیاوە کەفالەتی ئێوەی نەکردبا، نیازمان وابوو تا کۆتایی شەڕی عێراق- ئێران وەک دەستبەسەر لەلای خۆمان گلتان بدەینەوە، پاشان دەدرانە دادگەی شۆڕشی ئێران، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو لەلای ئێمە پیاوێکی گەورە و پیرۆزە، بۆیە لە ئێوە خۆش بووین و ئێستا دەتوانن بڕۆن، کە ڕۆیشتوون، بەترانزێت شەوێک لە ڕۆمانیا ماونەتەوە و لە ڕێگەی هێڵی ئاسمانییەوە بەرەو (ئەمستردام)ی پایتەختی هۆڵەندا چووە.

* لە ساڵی ١٩٨٢ کە دەگاتە دەرەوەی وڵات و وەک پەناهەندەیەک لە وڵاتی هۆڵەندا

دەگیرسێتەوە، یەکەم کاری کرپینی کەمانچەیەک بووە، پاش هەفتەیەک تیپێکی گۆرانی و مۆسیقا و هەڵپەرکێ و نواندن دروست دەکات و ناوی (تیپی هونەری ئاوارە)ی لێ دەنێ. بە هۆی چالاکییە هونەرییە زۆر و بەردەوامەکانی، لە شارەکانی هۆڵەندا زۆر زوو ناو و ناوبانگ دەردەکەن، لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنە بەناوبانگەکانی هۆڵەندا و ئەڵمانیا زۆر چالاکی دەنوێنن و بەرنامە پێشکەش دەکەن. ساڵی ٢٠٠١ لە هۆڵەندا قوتابخانەی مۆسیقای (نامۆ) بۆ منداڵان و گەوران دادەمەزرێنێ، لەم قوتابخانەیەدا تیپی مۆسیقای نامۆ دروست دەکات کە کار و چالاکییەکانی لەو شوێنەدا زۆر و بەرچاون، هەر لەو ساڵانەدا چەندان جار لە تەلەڤزیۆنی (مێد تیڤی) و (ڕۆژ تیڤی) بە لایڤ پرۆگرام پێشکەش دەکەن. لە هۆڵەنداوە بەشداری لە پێشبڕکێی مۆسیقا دەکەن، هەر ئەو کاتەش دوو ڤیدیۆ کلیپ بۆ منداڵان دەردەکات.

* کارە هونەرییەکانی نامدار قەرەداغی لە ناوەوەی وڵات چەند زۆر و بەردەوامبوون، لە دەرەوەی وڵاتیش هەرگیز لە چالاکیی هونەری دانەبڕاوە و دوور نەکەوتووەتەوە، بۆیە کە گەیشتووەتە ئەوێ، کۆڵی خەمی نەتەوە و هونەر و داهێنانی هەر بە کۆڵەوە بووە، دوای هەفتەیەک کە تیپی هونەری (ئاوارە)ی داناوە، ئەو تیپە لە ساڵی ١٩٨٢ تا ١٩٩٦ لە چالاکییەکانی خۆی بەردەوام بووە، دوای وەستانی چالاکییەکانی، کە لە ساڵی ٢٠٠١ تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ ئەو چالاکییانە بەردەوام بوون، لە ماوەی (١٥) ساڵدا لە ڕێگەی تیپی (نامۆ)وە درێژەی بە کاری هونەریی خۆی داوە، ئیتر بەرەو کوردستان گەڕاوەتەوە، ساڵی ١٩٨٣ تیپی ئاوارە کاسێتێکی سروودی نیشتمانی دەرکردووە، هەموو کارەکانی ئەو کاسێتە هەر لە ئاوازەوە تا ئامادەکردن و دابەشکردنیان ئەم هونەرمەندە گرتوویەتییە ئەستۆی خۆی و جێبەجێی کردوون. دوای دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو کاسێتە، ئەم جارە لەگەڵ تیپێکی هۆڵەندیی بەناوی ئێکس دەردەکەون، لەو ماوەیەشدا ئەو تیپە چالاکە بەشداری چەندان کۆنسێرت و فیستیڤاڵ دەکات و لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ئەورووپا میهرەجان و چالاکیی هونەری و سیاسی دەکەن. لە ساڵی ١٩٨٥ تا ساڵی ١٩٩١ کۆنسور ڤاتۆریۆم کە لە هۆڵەندا بەرزترین خوێندنی پراکتیکی مۆسیقایە، بەسەرکەوتوویی تەواو دەکات، دوای ئەو خوێندنە، لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ وەک مامۆستا لە قوتابخانەیەکی هۆڵەندا دامەزراوە و لە چەندان قوتابخانەی ئەوێ وانەی هونەری گوتووەتەوە.

* ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی عێراق بووە، لە ساڵی ١٩٨١ـەوە تا ساڵی ١٩٨٢ کە چووەتە دەرەوە، لە سلێمانی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری سەندیکای هونەرمەندان- لقی سلێمانی بووە. لە دەرەوەی وڵات، ساڵی ١٩٨٣ کاسێتێک بۆ (دەلال) گۆرانیبێژی کوردی باکوور لە ئەڵمانیا دەردەکات، کە هەموو کارەکانی ئەو کاسێتە، لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی بووە. ساڵی ١٩٨٦ لە کەنەدا کاسێتێکی بۆ نووری مام برایم دەرکردووە، کە هەموو کارەکانی ئەو کاسێتە، لە ئامادە و دابەشکردنی خۆی بووە، یەکێک لە گۆرانییەکانی ئەم کاسێتە شیعر و ئاوازی خۆی بووە. ساڵی ١٩٨٨ بەبۆنەی کیمیابارانی هەڵەبجەوە سەمفۆنیای هەڵەبجەی داناوە، کە ئاواز و دابەشکردنەکەی هەر هیی خۆی بووە، لە تیپی سەمفۆنیای ڕۆچیتی- هۆڵەندا ساڵی ١٩٨٨ پێشکەش کراوە،

دواتر كۆڕاڵی (ئازیز چاوەكەم) و كۆڕاڵی (گیانی شیرین) لە هەڵبەستی خۆی و فۆلكلۆر، ئاواز و دابەشكردنی خۆی، لە ڕێگەی تیپی كۆڕاڵی هلڤەرسوم كۆنسرڤا تۆریۆم پێشكەش كراوە.

* كارە هونەرییەكانی هونەرمەند نامدار قەرەداغی لە دەرەوەی وڵات زۆرن، لەوانە: لە ساڵی ٢٠٠٥، سەرجەم كارە هونەرییەكانی كۆنسێرتێكی هونەریی تیپی هونەری نامۆ لە هۆڵەندا دەگرێتە ئەستۆی خۆی، ئەوەبوو كۆنسێرتی یەكەم ٢٠٠٧/١٠/٧، لە هۆڵەندا ئامادە دەكا، كە بریتی بووە لە پارچە مۆسیقای ئاوێزان، ئاواز و دابەشكردنی خۆی و ئۆركێستی سەمفۆنی هەوایی ڤیلس كراخت ڕادەپەڕێنێ. گۆرانی (بۆ بێدەنگی)، پارچە مۆسیقای چەمی ڕێزان، ئاوازی حەسەنی نەی و ئامادە و دابەشكردنی نامدار قەرەداغی، هەروەها پێشكەشكردنی سروودی نیشتمانی هۆڵەندی و كوردی كە ئۆركێستی ڤیلس كراخت، لەگەڵ تیپی مۆسیقای نامۆ پێكەوە پێشكەشیان كردووە، ئەوەش لە ئامادە و دابەشكردنی نامدار قەرەداغی بووە. پێشكەشكردنی گۆرانی (هەی بێنن بێنن)، كە شیعر و ئاوازی فۆلكلۆرە، لە ئامادە و دابەشكردنی نامدار قەرەداغی، تارا ڕەسووڵ و نیاز شەیدا گوتوویانە، هەروەسا سەمفۆنیای هەڵەبجە لەگەڵ تیپی ئۆركێستی ڤیلس كراخت، ئامادە و دابەشكردنی خۆی بووە.

* كۆنسێرتی دووەم ٢٠٠٩/١٠/١٠ لە هۆڵەندا (٨) بەرهەمی هونەری لەخۆی گرتووە، لە هۆڵی ستاندس خهۆر زاڵ لایدن پێشكەش كراوە، كە بریتی بووە لە گۆرانی و سروودی نیشتمانی لەوانە: سروودی نیشتمانی ئەی ڕەقیب و سروودی نیشتمانی هۆڵەندی بە جیا و پێكەوە، گۆرانی ئەستێرە نەكوژاوەكان (پەیمان عومەر)، گۆرانی (وەرە قوربان)، (ناسری ڕەزازی)، كۆرسی لینگوا میوزیكا، گۆرانی (شیرین هەر لامە)، (نیاز شەیدا)، گۆرانی (شەش پەپوولەكە)، (دڵنیا ڕەزازی)، كۆڕاڵی لینگوا موزیكا (گەشتێك بەناو گۆرانییەكانی شەماڵ سائیب)دا، (گەشتێك بەناو گۆرانییەكانی عوسمان عەلی)دا، (دەشتی كەلهوڕی)، گەشتێك بەناو ئاوازە ڕەسەنەكاندا، (ناسری ڕەزازی)، سەرجەم ئەو گۆرانی و سروودە نیشتمانیانە، لەلایەن تیپی ئۆركێستی لایدن سمڤۆنیتا و كۆڕاڵی لینگوا میوزیكا، لە ئاواز و ئامادە و دابەشكردنی نامدار عومەر قەرەداغی بوون.

* كۆنسێرتی سێیەم لە ٢٠١٢/١١/٢٤، لە هۆڵی ستادس خهۆر زاڵ لایدن لە هۆڵەندا پێشكەش كراوە، لەو كارە هونەریانەش گۆرانی (ناكامی)، وتنی (ئۆنا سنتینا)، ئۆركێستی ڕاین لاند سەمفۆنی ئۆركێست، گۆرانی (من هەم)، وتنی (نەجمەددین غولامی)، ئۆركێستی بیگ بێند ئۆخست خەیست، كۆڕاڵی كەنتیامۆ دیڵفت. پارچە مۆسیقای بێسنوور، ئاوازی ڕۆستینی، مۆزارت، ئەنوەر قەرەداغی، نامدار عومەر قەرەداغی ڕێكی خستوون و لە یەكی داون و دابەشی كردووە و بە هارمۆنی كردووە. گۆرانی (ئامان میم گورجی)، وتنی (پەیوەند جاف)، ئۆركێستی ڕاین لاند سەمفۆنی ئۆركێست و كۆڕاڵی مۆڵتی كولتی كۆر ڕۆتردام. ئۆپەڕێتی (گوڵی خوێناوی)، ئاوازی ڕەفیق چالاك، ئۆركێستی ڕاین لاند، سەمفۆنی ئۆركێست و كۆڕاڵی مۆڵتی كولتی كۆر ڕۆتردام كە سەرجەم ئەو كارانە نامدار قەرەداغی سەرپەرشتی و ئامادە و دابەشی كردوون. كۆنسێرتی چوارەم لە ٢٠١٣/١١/٢٤، گۆرانی (گەشتی هەورامان)، وتنی كۆڕاڵی كەنتیامۆ دیڵفت، ئۆركێستی نامۆ لە هۆڵەندا. گۆرانی (زەماوەندە)، وتنی

(پەیوەند جاف)، لەگەڵ ئۆرکێستی بیگ بێند ئۆخست خەیست و کۆراڵی کەنتیامۆ دێلفت. گۆرانی (شیرینێ)، وتنی شاخەوان هەڵەبجەیی و ولیسا ڤان ئارند. ئۆرکێست بیگ بێند ئوخست خەیست و کۆراڵی کەنتیامۆ دێلفت.

* لەو دوورەوە، لە دەرەوەی وڵاتیش پێشمەرگەی لەبیر نەکردووە و دڵی لەلایان بووە، بۆیە کۆنسێرتی ڕۆژی ٢٠١٦/٣/٥ی بۆ پشتگیری پێشمەرگە لە شەڕی دژ بە داعش تەرخان کردووە، ئۆرکێست بیگ بێند ئوخست خەیست و کۆراڵی فۆکاڵ ئەنسەمبڵە ئەلەخریا، گۆرانی (ئالاپۆش)، کە لە شیعری ئەحمەد محەمەدە و بۆ پێشمەگەی نووسیوە، بە تایبەتی داویەتی بە ئەوان، وتنی مارتین ڤان ئۆس و ئێلن ڤان ئۆس، لەگەڵ پێشکەشکردنی سروودەکانی (ئەی شەهیدان، ئەی ڕەقیب، من پێشمەرگەی کوردستانم، وا وەتەن خەملیوە، خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم، خوایە وەتەن ئاواکەی)، کە سەرجەمی ئەو گۆرانی و سروودانە لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی بوون، ئەمەش دوا کۆنسێرتی بووە لە ئەورووپا پێشکەشی کردبێ، دواتر گەڕاوەتەوە کوردستان و درێژەی بەکار و چالاکییە هونەرییە جیاواز و تایبەتەکانی خۆی داوە.

* لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦، لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ کوردستان، لە شاری سلێمانی فێرگەیەک دادەمەزرێنێ و ناوی دەنێ (فێرگەی نامدار قەرەداغی بۆ فێرکردنی مۆسیقا)، کە بە فەرمی لە ٢٠١٧/٢/٤ کراوەتەوە. ئەم فێرگەیە چەندان چالاکی بۆ منداڵپارێزی کوردستان و کەمپی عەربەت و نەخۆشخانەی هیوا پێشکەش دەکات، فێرگەکە بێجگە لە سلێمانی، دەیان کۆنسێرتی هونەریی ڕەسەنی کوردی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان ساز کردووە لەوانە: هەولێر، دهۆک، هەڵەبجە، دەربەندیخان، چەمچەماڵ، قەرەداغ، هەروەها ئەم فێرگەیە لە زۆر چالاکیی هونەری و لە بۆنەی نەتەوەیی و نیشتمانی و جیهانیدا بەشداری کردووە و بەلایف لە زۆر کەناڵی تەلەڤزیۆنی بەرنامەی پێشکەش کردووە، تا ئێستاش لەسەر ئەو کار و چالاکی و بەرنامانەی بەردەوام بووە.

* لەمێژە وەک هونەرمەندێک شوێن پێی کار و چالاکییە هونەرییەکانی ئەم هونەرمەندەم هەڵگرتووە و ئاگاداری ئیشەکانی هەم، دوای ساڵی ٢٠١٦ کە بە یەکجاری گەڕایەوە کوردستان و لە سلێمانی گیرسایەوە و فێرگەیەکی بە ناوی خۆیەوە دانا، لەوساوە ویستوومە هەلێک بدۆزمەوە و گفتوگۆیەکی تێروتەسەلی لەگەڵدا ساز بکەم و ئەو مێژووە پڕ لە سەروەری و چالاکی و بەخششە زۆرە بەسەر بکەمەوە، ئەوە بوو پێرار (٢٠٢٤) توانیم ئەو ئەرکە ڕۆژنامەوانییە لە شاری سلێمانی بەجێ بگەیەنم و لە هەڤپەیڤینێکی بەرفراواندا بەسەری بکەمەوە. با بە یەکەوە گەشتێک بەناو چالاکی و بیروڕایەکانیدا بکەین و سەرێک بەناو ئەو وێستگانەدا دابگرین و ئەو خەرمانە دەوڵەمەندەی شەنوکەو بکەین.

**سەرنج:**

وەک پێشتر گوتبووم، ئەم گفتوگۆیەم لەگەڵ هونەرمەند نامدار قەرەداغی، لە ساڵی ٢٠٢٤ تەواو کرد، پار لە ژمارە (٣٢٨)ی ڕۆژی ٢٠٢٥/٢/٥، بەشی یەکەمی لێ بڵاوکرایەوە، لە ژمارە (٣٣٢)ی ڕۆژی ٢٠٢٦/٦/٥، بەشی پێنجەمی لێ بڵاوکرایەوە، (٢) بەشی گفتوگۆکەمان مابوو کە بڵاوبوونەوەیانم ڕاگرت، بە ئومێدی ئەوەی هەموو هەڤپەیڤینەکە لە دووتوێی کتێبێکدا چاپ بکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی جارێ سپۆنسەرێک بۆ چاپی کتێبەکە نییە، بۆیە بڕیارم دا ئەو (٢) بەشەی دیکەش بڵاو بکەمەوە، کە باسی چالاکییەکانی ئەو هونەرمەندەیە لە ئەورووپا، تا ئەو ڕۆژەی لە ساڵی ٢٠١٦ گەڕاوەتەوە کوردستان و درێژەی بە کار و چالاکییەکانی داوە.

**ڕامان:** دوای ئەوەی قژی خۆت کورت کردەوە، ئەو کەسەی کە لێی دەترسای و پێت گوت لە مۆڵەتدام و هاتوومەتەوە، بەو قسەیەی تۆ قەناعەتی کرد؟

**نامدار قەرەداغی:** نازانم قەناعەتی کردبێ، یان نا، ئەو کەسێکی زۆڵ بوو، تۆش بە باشی دەیناسی و ئێستاش ماوە، یەکێکە لە هەرە زۆڵەکان، گەڕان بەدوای ئێمە و هاتنەکەی هەر بۆ خۆی حەزی زانینە – حب الأستطلاع، ئەوەبوو برادەران زۆر لێی تووڕە بوون، بە تایبەتی زاواکەمان (قادر مستەفا قەرەداغی) کە هەر لە قوتابخانەکەی ئێمە مامۆستا بوو، چاک لێی تووڕە بووبوو، کە لێی تووڕە بووبوو گوتبووی ئەو تەلەفوونەی کراوە من نەبووم.

**ڕامان:** زۆر بە ئاسانی خۆی پەڕاندووەتەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** پێی گوتبوو دەنگەکە دەناسینەوە کێ بووە، هەرچەندە نەیگوتووە من فلان کەسم، تەنیا گوتوویەتی ئەو لەوێیە؟ ئەویش پێی گوتبوو ئەوە لە حەمامە. دەنگی ناسیبووەوە، بۆیە گوتی ئەوە فلانکەس بوو، زاواکەشمان حەشری پێ کردبوو و پێی گوتبوو دەزانین دەنگی تۆیە. وتبووی من نەبووم و هەوڵی دابوو خۆی بپەڕێنێتەوە.

**ڕامان:** ئەم خۆشاردنەوەیەت لە سلێمانی چەندی خایاند، ماوەکەی زۆر بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** نزیکی چوار مانگێکی خایاند.

**ڕامان:** لە کوێ خۆت شاردبووەوە، هەر لەناو شاری سلێمانی بووی؟

**نامدار قەرەداغی:** هەر لەناو سلێمانی بووم، زۆر ڕۆژ، هەفتەی دوو بۆ سێ جار دڵشاد مەریوانی دەهات بۆ لام، منیش تۆمارکەرەکەی لە بەغدا بۆ تیپی (مەولەوی)مان کڕیبوو، ئەوەم هێنابووەوە ماڵەوە، کارەکانی خۆم پێ تۆمار دەکرد، زۆرجار دڵشاد مەریوانی شیعری دەخوێندەوە و من مۆسیقام بۆی لێ دەدا، لەگەڵ (شۆڕش)ی برامدا گۆرانیمان دەگوت، خۆم بەو شتانەوە خەریک دەکرد.

**ڕامان:** بارودۆخی ناو شار چەند بۆ ئەو خۆشاردنەوەیەت لەبار بوو، چونکە وەک ئاگادارم ئەو کاتە ناو بەناو پشکنین هەبوو، خەڵکی زۆر هەبوون خەبەریان لێ دەدا؟

**نامدار قەرەداغی:** ڕۆژێکیان دڵشاد مەریوانی هات، گوتی تۆ نابێ لەناو شار بمێنیتەوە، ئێمە زانیاریمان هەیە دۆخەکە مەترسیدارە، دەبێ ئێرە بەجێ بێڵی و لێرە بڕۆی، ناچار دەبێ بڵێی باشە، بەڵام دایکم و خوشکەکانم و کەسوکار و براکەم، هەموویان دەیانگوت دەڕۆی، باشە بڕۆ، بەڵام بە هیچ شێوەیەک نابێ ببیتە پێشمەرگە، نابێ بچیتە ناو پێشمەرگە و توخنیان بکەوی. منیش لەگەڵ دڵشاد مەریوانی لە بارەی پێشمەرگە و دۆخی پێشمەرگەوە دەمەتەقێم دەکرد، پێم دەگوت چیم لە بارەی پێشمەرگەوە بەدڵ نییە، چونکە ڕەخنە و قسەم لەسەریان هەبوو، ئەویش بیانووی خۆی بۆیان دەهێناوە.

**ڕامان:** تۆ بۆ چوونە دەرەوە (شاخ)، ئامادەییت تێدا بوو، چەند بۆی ڕەزامەند و سەرگەرم بووی؟

**نامدار قەرەداغی:** لە هەشتاکاندا خوێنم گەرم بوو، بە کەسوکارەکەم، بە دایکم و ئەوانم گوت، باشە کە چوومە دەرەوە هەوڵ دەدەم لەوێوە بڕۆم بۆ دەرەوەی وڵات، بۆ لای سالاری برام دەچم، ئەوان گوشاری زۆریان لێ دەکردم.

**ڕامان:** ئەی دوکانی تۆمارگەکەتان چی لێ هات؟

**نامدار قەرەداغی:** دوکانەکە براکانم، شۆڕش و سەردار و خەڵکی دیکە، سەرپێیی بەڕێوەیان

دەبرد، ساڵی یەکەمی لێ دەرچێ، ئیدی من ئەوەندە لە دوکانەکە نەدەبووم، چونکە سەرقاڵ بووم و بۆم نەدەکرا بچمە ئەوێ، بۆیە کەم دەچووم، هەر ئەوان بەڕێوەیان دەبرد.

**ڕامان:** ئیتر بڕیاری چوونە دەرەوەت دا؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئەوە بوو لەگەڵ عەبدولڕەحمان (ئاری) عارف عومەر کە باوکی خوشکەزای باوکمە، خۆی قەرەداغییە و لە کەرکووک ژیاوە، زانیی من دەڕۆم، گوتی منیش دەمەوێ لەگەڵت بێم، ئەو سەربازی هەڵاتوو نەبوو، هەر حەزی کرد بێتە دەرەوە، کوڕێکی لە من گەنجتر بوو.

**ڕامان:** ئەویش وەکوو لاوانی ئەو سەردەمە حەزی لە چوونە دەرەوەی وڵات بووە؟

**نامدار قەرەداغی:** حەزی لە پێشمەرگایەتی، حەزی لە دەرەوەی وڵات، حەزی لە هەمووی بوو، وەکوو گەنجی ئەو ڕۆژگارە خوێنگەرم بوو، ئەوە بوو دڵشاد مەریوانی گوتی من هەموو شتێکت بۆ جێبەجێ دەکەم، چاوساغێکی بە گەڵ داین و بەیانییەک زوو، مەلا بانگدان پیکابێک بە شوێنمدا هات، من و (ئاری عارف)ی برد و بەو دێیانەی دەوروبەری سلێمانیدا دەری کردین، تا گەیاندینە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە.

**ڕامان:** ئێوە ئەو دێهاتانەی بن دەسەڵاتی پێشمەرگە شارەزا بوون؟

**نامدار قەرەداغی:** شارەزا نەبووین، بۆیە لەوێوە تەسلیمی شارەزا و چاوساغی دیکەی کردین و کابرا خۆی گەڕایەوە شار، ئیتر من چوومە سەرکردایەتی، کە لە ناوزەنگ بوو، ماوەیەک لەوێ بووم.

**ڕامان:** لەوێ هیچیان بۆ کردی؟ یارمەتییان دای؟



**سلێمانی، ١٩٧٠، لە ڕاستەوە: ئەنوەر تاهیر (مەلا ئەنوەر)، زاهیر محەمەد، جان تۆماس، نامدار قەرەداغی.**

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، یارمەتییان دام، بەتایبەتی مولازم عومەر، ئازاد هەورامی، مەلا بەختیار لەوێ بوون، زۆر ڕێزیان گرتم. دڵشاد مەریوانی لە شار پۆستێکی دامێ و گوتی ئەوە بدە سەرکردایەتی، نەمزانی چییە، دام بە مەلا بەختیار.

**ڕامان:** ئێوە هەر دوو کەس، یان زیاتربوون؟

**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، لەگەڵ کۆمەڵە کەسێکدا چوومە لایان، دانیشتم قسەیان لەگەڵدا کردم، ستایشێکی زۆریان کردم، کە لە شار بووم، زۆرجار ڕاپۆرتیان لێ داوا دەکردم، پتر لەڕێی دڵشاد مەریوانی ئەو داوایەیان لێ دەکردم، زیاتر دەربارەی هونەر، هونەر و سیاسەت، بابەتم بۆ دەناردن، بۆیە گوتیان لێرە چی پێویستە بۆتی دەکەین، بەڵام هەر زوو ئامۆژگاری کرام، کەسانی گەورە لەوێ پێیان گوتم لێرە بڕۆ. گوتم ئەی تۆ بۆ لێرەی؟ گوتی من تازە تووش بووم.

**ڕامان:** کەسی گەورەی وا لە شاخ هەبوو، ئەوە بیروڕای بووبێ؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، لە هەرە گەورەکان، کەسی وا هەبوو، کە پێم گوت ئەی تۆ بۆ لێرەی، وتی ئاخر من تۆزێک خوێنم گەرمە، لە شاخ هەندێک شتم بینی، پێم خۆش نەبوو

دۆخەکە ئاوا بێ.

**ڕامان:** دوایی چییان بۆ کردی؟

**نامدار قەرەداغی:** هەموو شتێکیان بۆ جێبەجێ کردین، ئێمە دوازدە کەس بووین، ئەو کاتە یەکێتی پێوەندیی لەگەڵ ئێران باش نەبوو، بارەگای حزبێکی ئیسلامی بەو بەریانەوە بوو، نازانم چییان پێ دەگوتن، لەوێوە کاغەزیان بۆ وەرگرتین و ئیشەکەیان بۆ جێبەجێ کردین.

**ڕامان:** بە کاغەزەکەوە بەرەو کوێ چوون؟

**نامدار قەرەداغی:** جارێکی دی چاوساغێکیان داینێ، چاوساغەکە ناوی عەبدولخالق بوو، لە دوازدە کەسەکە، یەکیان ئافرەت بوو، دیار بوو ئەو ئافرەتە شووی نەکردبوو، لەوێ مێردێکیان بۆ دروست کرد، بە حیساب ئەو پیاوە مێردێتی، بۆ ئەوەی بچین بۆ دەرەوە، هەموو شتێکیان بۆ جێبەجێ کردین، دوایی زانیم ئافرەتەکە خوشکی نەوشیروان مستەفایە، بەو کاغەزەی ئیسلامییەکان، بردیانین و دەریان کردین و گەیشتینە تاران، لەوێ هۆتێلێکی خۆشیان بۆ گرتین، چاوساغەکەمان ئێمەی تا تاران برد، شارەزای هەموو شتێک بوو، تا ئەو ڕۆژەی گیراین لەگەڵمان بوو، هەموو شتێکی بۆ دەکردین. گوتیان مامەڵەکانتان لە ڕێگەی ئیسلامییەکانەوە تەواوە.

**ڕامان:** لە تاران هیچ گرفتێکتان بۆ نەهاتە پێش؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڕێ وەڵڵا، ڕۆژێک پیاسەمان دەکرد، من لەوێ چاکەت و پانتۆڵم بە ڕادان دا، بەو جلانەوە دەگەڕام، ئەوە دەچین بۆ دەرەوە و لەگەڵ عەبدولخالق پێکەوەین، گوتی با بچینە ئەو هۆتێلە، نازانم ناوی چییە، لەناو تاران هۆتێلێکی بەرچاو و خۆش بوو، چووینە ناو هۆڵەکەوە، لە دوورەوە، لەو بەرمانەوە مێزێکی لێ بوو، گوتی بەخوا تووش بووین. گوتم چی بووە؟ گوتی ئەوە فلان کەسە (.....)، ئێمە دوور و ئەوان دوور، چووین دانیشتین، کە چووینەوە بۆ هۆتێلەکەی خۆمان، بوو بە شەو و نەبوو بە شەو، مەفرەزە دای بە سەرماندا، ئەو ژنە و مێردەکەی و یەک دووانێک توانیبوویان بۆی دەرچن و ڕابکەن، ئێمەش هەر یەکەمان لە ژوورێکین، گیراین و دەستبەسەر کراین.

**ڕامان:** تۆمەتەکەتان چی بوو، خۆ ئێوە بە کاغەزی حزبە ئیسلامییەکە چووبوون؟

**نامدار قەرەداغی:** کە گیراین لێکۆڵینەوەیەکی زۆریان لەگەڵ کردین، وتیان ئێوە بە قاچاغ هاتوونەتە ئێرانەوە، وتیشیان ئێوە تا شەڕی ئێران و عێراق تەواو دەبێ، وا و واتان لێ دەکەین و دەبێ بەند بکرێن، پرسییان کوان ئەوانەی لەگەڵتان بوون؟ وتمان نازانین ئەوانە کێن، ئەوانەمان هەر نەشناسیوە.

**ڕامان:** دیارە کاغەزی حزبە ئیسلامییەکە سوودی نەبووە و لەلایان نەیخواردووە؟

**نامدار قەرەداغی:** هەرچەند گوتمان ئێمە بە کاغەزی ئەوانە هاتووین، نەمانزانیوە کە نابێ وا بێ و دەبێ لە ڕێگەی حکوومەتەوە بێ، نەشارەزا بووین، کاغەزیان بۆ کردووین، گوتیان ئەوە نایخوا، ناردیانین بۆ پارکێک لە تاران، وا بزانم پارکی (ئیرەم)یان پێ دەگوت، پارکێکی هەر زۆر گەورە بوو، شوێنی گوگوش و گۆرانیبێژان و ئاهەنگێڕەکان بوو، بردیانین بۆ ئەوێ و گوتیان ئەمانە دەستبەسەرن، نابێ مۆڵەتیان پێ بدەن.

**ڕامان:** ئەو مۆڵەتە چی بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەگەر دەچوویە ناو تاران، کاغەزێکی مۆڵەت هەبوو، ڕایانسپاردن ئەو کاغەزەمان نەدەنێ، تا دوایی ناردیانینە کەرەج،

لەوێ دەتتوانی مۆڵەت وەربگری، بەڕێوەبەرەکە عەرەبی ئەهواز بوو، یاریدەری بەڕێوەبەرەکەش کوڕێکی گەنجی فارس بوو، دیار بوو ئێمە لەلایان نەختێک ڕۆشنبیرین و کۆمەڵە کەسێکی جیاوازین، بۆیە لەگەڵ هەردووکیان بووین بە هاوڕێ، بەو هۆیەوە مۆڵەتیان داینێ کە بڕۆین، هەرچەندە قەدەغەشە، لەگەڵ هاوڕێکانم چووم لە بەدالەی تاران تەلەفوون بۆ سالاری برام بکەم، کە چوومە کابینەکانەوە، بیستبووشم کاوەی شێخ لەتیف لە چیکۆسلۆڤاکیا، سەفارەتی عێراق تەقەی لێ کردووە و لێرە نییە.

**ڕامان:** ئەوە چۆن بوو ئەو ناوەت بە بیردا هات و باسی دەکەی؟

**نامدار قەرەداغی:** ئاخر لەگەڵ ئەو زۆر برادەر بووین، بە خێزانیی زۆر تێکەڵی یەکدی بووین، لە دڵی خۆم گوتم لێرە بووایە، ئێستا هەموو شتێکی بۆ جێبەجێ دەکردین، من چوومە کابینەی تەلەفوونەکانەوە و لەگەڵ سالاری برام قسەم کرد و گەڕامەوە لای هاوڕێکانم، سەیر دەکەم یەکێک لەناو ئەوانەی لەگەڵم بوون، دانیشتووە و دەستی بە دەموچاوییەوە گرتووە، کە زیاتر لێی نزیک بوومەوە، ناسیمەوە وتم خۆ ئەوە (کاوەی شێخ لەتیف)ـە، پەلاماری یەکدیمان دا و باوەشمان بە یەکتردا کرد.

**ڕامان:** بۆچی بە دەستەکانی دەموچاوی خۆی شاردبووەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەو هاتووە بە هاوڕێکانمی گوتووە ئێوە کوردن، لێرە چی دەکەن؟ پێیان گوتبوو ئێمە لەگەڵ مامۆستا نامدار هاتووین، ئەو چووە تەلەفوونێک بۆ براکەی بکا. گوتبووی مامۆستا نامدار کێ، نامدار قەرەداغی؟ گوتبوویان بەڵێ، ئیتر کە من هاتمەوە ئاوا دەموچاوی خۆی شاردبووەوە، بۆ ئەوەی نەیناسمەوە.

**ڕامان:** ئیشەکانی بۆ ڕایی کردن؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئەوەبوو ئیشی هەموومانی جێبەجێ کرد. لە ئێران زۆر دەستی دەڕۆیی، گوتیان تەنیا یەک هەفتە بچنە پارکی کەرەج، کە شارێکە نزیک تاران، بۆ ئەوەی لێرە لەبەر چاوان ونتان بکەین، چونکە ئێوە لێرە ناسراون، لەوێ بە هەفتەیەک دەتاننێرین بۆ دەرەوە، ئەوەبوو کارەکانیان بۆ جێبەجێ کردین و بە هەفتەیەک نووسراویان بۆ کردین و هەموومان بەرەو دەرەوە ڕۆیشتین.

**لە هۆڵەندا وانەی تیۆری و هاوڕمۆنیام بە قوتابیانی دیکە دەگوتەوە.**

**ڕامان:** ڕێککەوتێکی زۆر باش بووە، کاوەی شێخ لەتیف بە هاناتانەوە هاتووە.

**نامدار قەرەداغی:** ئێرانییەکان سوێندیان خوارد و گوتیان شێخ کاوەی شێخ لەتیف نەبووایە، ئێوە تا شەڕی ئێران و عێراق تەواو دەبوو، لەلای ئێمە بەند دەکران، بەڵام ئەو لەلای ئێمە زۆر گەورە و بەڕێزە، بۆیە لەبەر ئەو ناتوانین هیچتان بەرانبەر بکەین، ئەوە بوو هەموو من و هاوڕێکانیشمان ڕزگارمان بوو.

**ڕامان:** ئێوە خۆتان بڕیارتان دا بچن بۆ هۆڵەندا، یان ئەوان بۆیان دەستنیشان کردن بچنە ئەو وڵاتەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** هەر کەسەو بۆخۆی بڕیاری وڵاتێکی دا، من و ئاری عارف چووینە هۆڵەندا، ئەوانی دی زۆربەیان چوونە سوید، ئەو کاتە سوید زۆر بە ئاسانی کوردی وەردەگرت، هۆڵەندا بە ئاسانی کوردی وەرنەدەگرت، زیاتر ڕێگەی بە فەڵەستینی دەدا، بە کوردی نەدەدا،

بەڵام من لەبەر ئەوەی سالاری برام نۆ مانگ پێش من لەوێ بوو، حەزم کرد بچمە لای ئەو، هەرچەندە زۆر داوایان دەکرد بچمە سوید.

**ڕامان:** کەواتە بەهۆی براکەتەوە هۆڵەندات هەڵبژارد؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، هۆڵەندام هەڵبژارد، ئەگین خەڵک هەر بۆ سوید دەچوون، چوونەکەم بۆ هۆڵەندا ئاوا بوو.

**ڕامان:** ئەوە تۆ لە هۆڵەندا گیرسایتەوە، یەکەم ئیش هەوڵت دا فێری زمان بی، یان چیت کرد؟

**نامدار قەرەداغی:** یەکەم ئیش کەمانچەیەکم کڕی، با ئەوەت بۆ باس بکەم، یەکەم شەو کە گەیشتین چیم کرد.

**ڕامان:** زۆر چاکە، حەز دەکەم ئەوەم بۆ باس بکەی.

**نامدار قەرەداغی:** کە گەیشتین شەو بوو، ئەو کاتە کەمپ نەبوو، کە زانییان ئێمە بۆ لایان دەچین، سالاری برام و یەک دوو هاوڕێی لە فڕۆکەخانە چاوڕێیان دەکردین، سەلاح جەلال سائیب، براکەی شەماڵ سائیب لەوێ بوو.

**ڕامان:** ئەو برایەی شەماڵ سائیب لەوێ چی دەکرد؟

**نامدار قەرەداغی:** بە داخەوە، ئێستا نەماوە و ئەمری خوای کردووە، ئەو لە شەستەکانەوە لە هۆڵەندا دەژیا، وەرگێڕیش بوو، پێیان گوتم براکەت لێرەیە؟ گوتم بەڵێ، ئەوە لە دەرەوە چاوەڕێمان دەکات. گوتیان باشە، بڕۆ بۆ لای براکەت، نووسراویان بۆ کردین، کە لای براکەم بم، بۆ بەیانی لە خەو هەستام، براکەم لە شوێنی قوتابیاندا بوو، کە لە سلێمانی چوومە دەرەوە، یەک جانتام لەگەڵ خۆم بردبوو، جانتایەکی بچووکی شان، لەو شاخ و داخانە



**ئەڵمانیا (ستۆدیۆی تۆمارکردنی گۆرانی)، ١٩٨٣، نامدار قەرەداغی، (هەڤاڵی بارگران - محەمەد تەیب تاهیری گۆرانیبێژ.**

ئەوەشم فڕێ دا، ئالان عارف جانتایەکی پێ بوو، هیلاک بوو، دۆخی باش نەبوو، جاربەجار ئەویشم ڕادەکێشا، لە دۆلاری شاراوە زیاتر، هیچی دیکەم پێ نەبوو. بۆ یەکەم بەیانی گوتم من دەبێ کەمانچەیەک بکڕم، لەگەڵ سالاری برام بۆ ناو ئەمستردام چووین، دوکانی مۆسیقامان دۆزییەوە و کەمانچەیەکمان کڕی.

**ڕامان:** کەمانچەیەکی باشت کڕی؟

**نامدار قەرەداغی:** کەمانچەیەکی ئەڵمانی بوو، خراپ نەبوو، بە هەزار و قسوور دۆلار کڕیم، بۆ من ئەو پارەیە زۆر بوو، بەڵام کەمانچەکە پێویست بوو، هەر ئەو ڕۆژە، سالاری برام کە لە شوقەی قوتابیاندا دەژیا، قوتابییەکانی ئەوێ لێمان کۆبوونەوە و بەخێرهاتنیان کردین، گوتیان ئەو برایەت چییە و چی نییە؟ گوتی ئەمە موزیکژەنە، لە کوردستان سەرۆکی تیپ بووە، ئەمە وایە و وایە، ئێستا دەیەوێ بخوێنێ. گوتیان زۆر چاکە، ئەمە لێرە کۆنسرڤاتۆریۆم هەیە، کە زانکۆی مۆسیقایە، دەتوانێ لەوێ داوایەک پێشکەش بکات و بخوێنێ. من کە چووم هاوینیش بوو، ئیتر بۆ ڕۆژی دواتر، تەلەفوونیان بۆ کۆنسرڤاتۆریۆم بۆ کردم، ئەو

قوتابییە هۆڵەندییانە گوتیان لە فلان ڕۆژدا، ڕیکلام دەکەن.

**ڕامان:** ڕیکلام بۆچی دەکرا؟

**نامدار قەرەداغی:** هەموو قوتابخانەیەک، تەنانەت قوتابخانەی سەرەتاییش، بۆ زانکۆکانیش ڕۆژێک، یان چەند ڕۆژێک تەرخان دەکەن، دایک و باوک و منداڵان و گەنجان دەچن سەریان لێ دەدەن و زانیاری وەردەگرن، چالاکییەکانیان پێشکەش دەکەن، بۆ ئەوەی خەڵک ڕوویان تێ بکەن و وەریان بگرن.گوتیان لە فلان ڕۆژدا، لە فلان شوێن ئەوە هەیە، تۆش دەتوانی بچیتە ئەوێ، لەوێ پێیان بڵێ مامۆستای مۆسیقام دەوێ، ناوێکیان بۆ وەرگرتبووم، پێیان گوتم برۆ لەگەڵ فلان ناو قسە بکە.

**ڕامان:** ناوی ئەو مامۆستایەی مۆسیقات چۆن دەستکەوتبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** هەر لە هەفتەی یەکەمدا، بە سالاری برام گوت، ئەرێ لەم هۆڵەندایە کەس هەیە بتوانێ گۆرانی بڵێ، یان بەحاڵ موزیک بژەنێ، تۆزێک هەڵپەڕکێ بزانێ، لێرە لەو جۆرە کەسانە هەن؟ ئەو نۆ مانگ لەوەپێش لەوێ بوو، شتێکی دەزانی، گوتی هەیە، کوڕێک هەیە، ناوی کاوان زاهیر مەحموودە، بیستوومە دەڵێن لە ئۆکۆردیۆن دەزانێ، یەکێک هەیە بزق لێ دەدا، کوردی ئاسوورییە، لە فلان ئاهەنگی نەورۆزدا دیومە کارێکی کردووە، یەکێکی دیکە سینەماییە، دەڵێن گۆرانی دەڵێ، حسێن سویدینی ناوە، ناوی کۆمەڵێک لەمانەی گوت. گوتم زۆر چاکە، پێوەندییان پێوە بکە، لەگەڵیان کۆدەبینەوە، من دەمەوێ تیپی مۆسیقا دابنێم و دەستیش بە ئیش بکەین، پێوەندییان پێوە کرا، هەر لە هەفتەی یەکەم چووینە پارکێکەوە.

**ڕامان:** ئەوانە هەموویان لە یەک شار دەژیان، یان لە شاری جیا جیاوە هاتبوون؟

**نامدار قەرەداغی:** یەکێکیان کاوان زاهیر مەحموود، لە شارێکی دوورتر بوو، ئەوانی دیکە لەناو ئەمستردام بوون، هەموو لە ئەمستردام لەناو پارکێک، لە چیمەنێکدا دانیشتین، خۆمم پێ ناساندن و گوتم شتێکی وا دەکەین، هەموو زۆر دڵیان بەقسەکانم خۆش بوو، یەکەیەکە پێم وتن تۆ چی دەزانی، تۆ چی دەزانی، ئیتر ڕێککەوتین، یەکسەر کاتی ڕاهێنانمان دانا.

**ڕامان:** ئەی ڕاهێنانەکەتان لە کوێ دەکرد؟

**نامدار قەرەداغی:** بە ماوەیەکی کورت توانیمان شوێن بۆ ڕاهێنان پەیدا بکەین، شوێنەکەمان هەر لە ڕێگەی ڕێکخراوی پەناهەندەکانەوە بوو، کە چووینە خولی زمانی هوڵەندییەوە، هەر لە قوتابخانەی زمانی هوڵەندییەوە شوێنیان داینێ، یەکسەر دەستمان بە ڕاهێنان کرد، کۆمەڵێکی کەم بووین، دوایی ناوەکان و وێنەکان، هەموویت بۆ دەنێرم، سەرەتا کێ بوون و دوایی چۆن بووین بە تیپ، تیپەکەمان ناو نا (تیپی هونەریی ئاوارە).

**ڕامان:** هەر خۆت ئەو ناوەت بۆ هەڵبژارد؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئەوە بیرۆکەی من بوو، بێگومان ئەوانیش ڕەزامەندییان لەسەر دا، من و سالاری برام و ئەو برادەرانە لەسەر ناوەکە پێک هاتین.

**ڕامان:** ئەو کارانە هەمووی دوای هەفتەیەک کران؟

**نامدار قەرەداغی:** هەمووی لە هەفتەی یەکەمدا جێبەجێ بوون.

**ڕامان:** باش فریاکەوتوون، ئەوە گرنگە کە کارەکانتان گورج بەڕێوەچوون.

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، هەر لە هەفتەی یەکەمدا ئەم ئیشانە کران، کەمانچەکە کڕرا،

پێوەندی بە کۆنسرڤاتۆریۆمەوە کرا، لە فلان ڕۆژدا کاتیان بۆ دانایین، ئەم تیپەش دامەزرا.

**ڕامان:** وەک تیپ، یەکەم چالاکیتان چی بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** دەستمان بە ئیش کرد، قوتابی هەبوو، دەیتوانی کۆرس بێ، یان دەیتوانی هەڵپەڕێ، بۆ ئەو مەبەستە جلی کوردی پەیدا کرا، سالاری برام جلێکی کوردی هەبوو، بە بەرییەوە تەسک بوو، من ئەوەم لەبەر کرد، جلی کوردی قەرز کرا، مانگێکی پێ نەچوو، گوتیان میهرجانێکی گەورە لە شاری ئارنهێم هەیە، کە شارێکی گەورەیە و لە سنووری ئەڵمانیایە، گوتمان با ئێمەش تێیدا بەشدار بین.

**ڕامان:** بەڵام تۆ هێشتا فێری زمان نەبووی، چۆن بەشدار دەبیت؟

**نامدار قەرەداغی:** من هیچ زمانێکم نەدەزانی، بەڵام کاوان زاهیر مەحموود لەو کاتانەدا، زۆر بە باشی بە هۆڵەندی قسەی دەکرد.

**ڕامان:** کە بڕیاری بەشداریتان دا، چۆن خۆتان ئامادە کرد؟

**نامدار قەرەداغی:** بڕیارمان دا و گوتمان ئەمە کارێکی زۆر چاکە و بەشدار دەبین، میهرەجانێکی نێودەوڵەتییە و هەموو نەتەوەکانی تێدا بەشدارن، ئێمەش بە ناوی کوردەوە بەشدار بووین، بە ئینگلیزی و بە هۆڵەندی چی لەسەر کورد هەیە کۆمان کردنەوە، ڕاهێنانی باشمان کرد، مێزێکمان هێنا و ئەو زانیاریانەمان لەسەری دانا، لە میهرەجانەکەدا بەشدار بووین، کە دەنگدانەوەیەکی زۆر گەورەی هەبوو.

**ڕامان:** بەڵام پێت نەگوتم چۆن خۆتان ئامادەکرد، بەئاسانی ڕێگەیان پێدان بەشدار بن، بۆ بەشدار بوونەکەتان ئاسانکارییان بۆ کردن؟

**نامدار قەرەداغی:** زۆر پێ خۆشحاڵیش بوون، لە هۆڵەندا کە شتێکی وا هەبێ و تۆ بێیت بڵێی کوردیشی تێدا بەشدار بێ، ئەمە بۆ ئەوان سەرکەوتنە، کە ئەوەمان کرد، هەم بۆ خۆمان و هەم بۆ کوردی ئەوێ و هەم بۆ ئەو ڕێکخراوانە سەرنجڕاکێش بوو. هەموو گەلانی جیهان لەناو هۆڵەندا هەن، لە دنیادا گەلێک نییە لەناو هۆڵەندا نەبێ، هەمووشیان ڕێکخراوی خۆیان هەیە.

**ڕامان:** گوتت بەشداربوونەکەمان دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو، دەنگدانەوەکە چۆن بوو؟

**یەک دنیا بابەت و کەرەستەی ڕەسەنی کوردیم، بە هارمۆنی و ڕوحیەتی کلاسیکییەوە بۆ تیپی سمفۆنیا و کۆراڵەکانم نووسی.**

**نامدار قەرەداغی:** دەنگدانەوەکە بۆ ئێمە و بۆ کورد و بۆ دەرەوەی خۆشمان باش بوو، بەو چالاکییە زیاتر هاندراین، پرۆژەی دی هاتنە پێش، لەوانە ئاهەنگی دی پەیدا بوو، شەوانی کوردیمان ساز کرد، بێگومان کاوان زاهیر مەحموود لە کاتی ژەنیندا، بە هۆڵەندی قسەی دەکرد، دەیگوت کورد ئەمەیە و مێژووەکەی ئەوەیە، بە کاغەزیش بەردەوام نووسراومان دابەش دەکرد.

**ڕامان:** چالاکییەکانتان تەنیا لەو بازنەیەدا مایەوە، یان زیاتر پەلی هاویشت؟

**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، کاتێکمان زانی گەورەترین بەرنامەی تەلەڤزیۆنی هۆڵەندی بۆ لامان هات، ئەو کاتە ئێمە لە ڕاهێناندا بووین، کە ئێمەیان دی خەریکی ڕاهێنانین، زۆریان پێ سەیر بوو. دوای ئەوە سالار سەلمان هات، کە ژەنیاری گیتار و ئاوازدانەر و گۆرانبێژە، (کارزان)ی خوشکەزام هات،

کە ژەنیارێکی زۆر بەهێز بوو، پێشتر قوتابی خۆم بوو، هەروەها (کاروان)ی خوشکەزام هات، کە ئەویش ژەنیارێکی زۆر بەهێز و قوتابی خۆم بووە، (شۆڕش)ی برام هات، تیپەکەمان بەهێزتر بوو.

**ڕامان:** کارزان و کاروان کێ؟ ناوی باوکیشیان بڵێی باشە.

**نامدار قەرەداغی:** کاروان قادر مستەفا، کارزان قادر مستەفا، ئەمانە خوشکەزامن، قوتابیی خۆم بوون و ئێستا دوو موزیکژەنی زۆر چاکن، کارزان ئەوەی ڕیمیکسەکەی ئەحمەد شەماڵ و عەلی مەردان و ئەوانەی کردووە و ئەو گۆرانییە کۆنانەی زیندوو کردووەتەوە.

**ڕامان:** تەنیا تەلەڤزیۆنە بەناوبانگەکەی هۆڵەندا بۆ لاتان هات، یان تەلەڤزیۆنی دیکەش هاتن؟

**نامدار قەرەداغی:** کە تەلەڤزیۆنە بەناوبانگەکە بانگی کردین، هێشتا کارزان و کاروان و (شۆڕش)ی برام نەهاتبوون، بەڵام لەو کاتەدا سالار سەلمان هاتبوو، کە لەکاتی ڕاهێناندا ئێمەیان بینی، گۆرانی دەڵێین و زەوقمان هەیە، زۆر پێمان سەرسام بوون، پێشتر شتی وایان لە بیانییەکان نەدیبوو، بۆیە پێیان سەیر بوو، بانگیان کردین، (بە زیندوو) بەرنامەیەکی گرنگیان لەگەڵ کردین، بەرنامەکە ماوە و لە یۆتیوبیشدا بڵاوم کردووەتەوە.

**ڕامان:** لە پێشکەشکردنی ئەم هەموو چالاکییانەت، چۆن گرفتی زمانت چارەسەر کرد؟

**نامدار قەرەداغی:** بەردەوام کاوان زاهیر لەگەڵمدا بوو، کە هۆڵەندییەکەی زۆرباش بوو، سەرەتا کە پێشکەشکارەکە پێشکەشی کرد، باسی کوردی لەگەڵدا کرد و لێی پرسی ئێوە چین و گرفتتان چییە؟ ئەویش باسی توانەوەی کورد و جینۆساید و دێهات ڕووخان و ئەم شتانەی کرد، ئەوجار دەستمان بە موزیکژەنین کرد، ئەو بەرنامەیە هەرای نایەوە.

**ڕامان:** لەوانەیە ئەو بەرنامەیە کە بە زمانی هۆڵەندی بووە، زۆر خزمەتی ئێوەی کردبێ و زیاتر ڕەواجی بە هونەرەکەتان دابێ؟

**نامدار قەرەداغی:** هەر زۆریش خزمەتی کردین، وای لێ هات لە هەموو شارەکانی هۆڵەندا، شار نەبوو چەندان کەڕەت ئاهەنگمان تێدا نەگێڕابێت، یان لە فیستیڤاڵ و میهرەجانەکاندا بەشدار نەبووبین، زوو زوو بۆخۆشمان شەوانی کوردی و ڕۆژی نەورۆز و سەری ساڵەکان ئاهەنگمان ساز دەکرد و کوردی هۆڵەندامان لە هۆڵێکدا کۆدەکردەوە و ئاهەنگمان بۆ دەگێڕان.

**ڕامان:** وا بزانم لەو ساڵانەدا، لە سەرەتای هەشتاکان، ژمارەی کورد لە هۆڵەندا زۆر نەبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** لە ساڵی ١٩٨٢دا، لە هۆڵەندا، هەموو کورد، بە ژن و منداڵ و پیر و گەنجەوە، سەد و پەنجا کەس نەدەبووین، مەبەستم کوردی لای خۆمانە، نەک کوردی باکوور و پارچەکانی دی، ئەوان زۆر بوون، ئەوە بوو ناووناوبانگێکی زۆرمان دەرکرد، کاتێکمان زانی بەلجیکا بانگمان دەکا، هەموو نەورۆزێک دەبوو بچین، یان دەچووین بۆ ئەڵمانیا، لە میونشن، لە شارەکانی دی ئاهەنگ ساز بکەین، کاتێکمان زانی ئینگلتەرا بانگمان دەکا.

**ڕامان:** ئەوە هێشتا تۆ مافی پەنابەریشت بۆ دەرنەچووە؟

**نامدار قەرەداغی:** سەرەتا هیچم بۆ دەرنەچووبوو، پاش پێنج ساڵ، ئەوجا من مافی مانەوەم وەرگرت، ئەوەش پێنج ساڵی پێ چوو، کە سەرەتا مافی پەناهەندەییم وەرگرت، دوایی بوو بە ڕەگەزنامە، بەو پاسپۆرتەی وەرم گرت، دەمتوانی بەم لا و ئەو لادا بڕۆم.

**ڕامان:** بێجگە لە تەلەڤزیۆنە بەناوبانگەکە،

کوێی دی بانگیان کردن؟

**نامدار قەرەداغی:** هەموو تەلەڤزیۆنەکانی دیکەی هۆڵەندا، ڕادیۆکان بانگیان دەکردین، بۆ نموونە چووینە ئیتاڵیا، خزمەتێکی زۆر گەورەمان کرد، تیپەکەمان زۆر گەورە بوو، کوردانی ڕۆژهەڵاتمان بانگ کرد، کۆمەڵێک هاوڕێی ڕۆژهەڵاتیم هەبوو، سەنتوریان لێ دەدا، زەڕبیان لێ دەدا، هاوڕێیەکم هەبوو خەڵکی پورتوگال بوو، فلووتی لێ دەدا، ئەویش لە کۆنسرڤاتۆریۆم بوو، لەوێ ناسیم، ئەوە هات، پیانۆی هۆڵەندی هات.

**ڕامان:** وردە وردە خۆشت فێری زمان بووی؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، خۆم خەریکی زمان بووم، بە خێرایی خۆم فێری زمان کرد.

**ڕامان:** خولت بینی، یان هەر خۆت بە سەلیقە فێر بووی؟

**نامدار قەرەداغی:** چوومە کۆرسی زمان، لە دوای کۆرسەکە، چوومە خولی خۆئامادەکردن بۆ چوونە زانکۆ، واتە لە کۆرسی زمان هەر زمانت نەدەخوێند، هەندێک وانەی تریشت دەخوێند، وەکوو بیرکاری و ئەم جۆرە وانانە، دوای ئەم خولە، چوومە کۆنسرڤاتۆریۆم، لەوێ داوام پێشکەش کرد، ئیتر تیپەکەمان زۆر گەورە و بەهێزتر بوو، لە هەموو ئەورووپادا چالاکیمان دەکرد کە زۆر دەنگیان دایەوە.

**ڕامان:** ئەی خوێندنەکەت لە بواری هونەر بە کوێ گەیشت؟

**نامدار قەرەداغی:** بۆ باسی خوێندنم لە کۆنسرڤاتۆریۆم، هەر لە مانگی یەکەمەوە چووم بۆ ڕۆژی کردنەوەی قوتابخانە، ئۆپنداخی پێ دەڵێن، پڕوپاگەندە بۆ قوتابخانە دەکرێ، کە چووم دەبینم ئەوە لەوێ مۆسیقا لێ دەدرێ، هەموو ژوورێک مامۆستایەکی لێیە و خەڵک دەچێتە لایان و پرسیاریان لێ دەکا، منیش ئەو مامۆستایەی ناوەکەیان دابوومێ، ناوی مامۆستا هینریخس بوو، پیاوێکی بەتەمەن بوو، چووم بۆ لای ئەو، زمان نازانم و وەرگێڕم لەگەڵ بوو، وەرگێڕەکەم ناوی ئەحمەد عەونەت، کە سەر بە پارتی گەل بوو، کەسێکی زۆر بەڕێز بوو، لە لایەنی ڕێکخستنی کارەکانمەوە زۆر خزمەتی کردم، ئەو لە مامۆستاکەی گەیاند کە ئەمە کەسێکی وایە و وایە. مامۆستاکە گوتی باشە، ڕۆژێکی بۆ دیاری کردم، ماوەی نزیکەی مانگێکی دیکەی پێچوو، گوتی ئەم کتێبە بکڕێ و ئەم ڕاهێنانەم بۆ ئامادە بکا، لە فلان کات و سەعات بۆ کۆنسرڤاتۆریۆم بێتەوە، ئیتر لەوێ یەک یەک وانەی بە قوتابییەکان دەگوتەوە.

**ڕامان:** لە کاتی دیاریکراو کە چوویتەوە لای، ئەو بەرنامەیەی بۆی دانابوویت جێبەجێت کردبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەو کاتەی بۆی دانابووم، منیش لەو کاتەدا چوومەوە لای، ئەوەی پێی گوتبووم ئامادەی بکە، بۆم ژەنی، سەرەتا تۆزێک پێکەنی، ئەو شتی کلاسیکی پێ گوتبووم، وەرگێڕەکەم هەر لەگەڵدا بوو، هێشتا من زمانم بایی ئەوە نەبوو، بە دەم پێکەنینەوە گوتی ئەم مۆسیقا کلاسیکییە ئەورووپییەکە، کوردییانە لێ دەدا.

**ڕامان:** ئەوجا وا بوو، کوردییانە بۆت ژەنی؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئاوازی کوردیم بۆ لێ دا، زۆری پێ خۆش بوو، کە بۆیم باس کرد من چیم و لە سلێمانی و لە کوردستان چی بووم، چۆن ڕام کردووە، قایم کێشای بە تەپڵی سەری خۆیدا، گوتی کورد ئەوەیە؟ ئەوەم لەو دی. گوتی من ئامادەم و وانەی پێ دەڵێم، هەموو هەفتەیەک با بێ، وەک قوتابی کۆنسرڤاتۆریۆم وانەی پێ دەڵێم، هەرواش بوو،

هەموو هەفتەیەک دەچووم بۆ لای دەرسم پێ بڵێ.

**ڕامان:** وانەوتنەوەکەی ئەو مامۆستایە چۆن بوو، بە پارە، یان بە خۆڕایی بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** وانەوتنەوەکە بە خۆبەخش بوو، چونکە وانەوتنەوەی ئێواران زۆر گرانە، ئەوەندە لێی نزیک بوومەوە، تا وای لێهات، بوو بە هاوڕێم، خۆی و ژنەکەی دەهاتنە ماڵمان و نانمان بۆ دروست دەکردن، من و سالاری برام دەچووین بۆ ماڵیان خواردنیان دەداینێ و پێکەوە مۆسیقامان لێ دەدا، وێنەم لەگەڵیدا هەیە پێکەوە مۆسیقامان لێ داوە، ئەو لە ژیانیدا قەت مۆسیقای بۆ قوتابییەکانی لێ نەدابوو.

**ڕامان:** چۆنت زانی کە مۆسیقای بۆ قوتابییەکانی لێ نەداوە؟

**نامدار قەرەداغی:** ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکێک لە قوتابییەکانی ئەو، بوو بە مامۆستام، کە بینی من لەگەڵ ئەودام و ئەو مۆسیقای بۆ لێ داوم، هەندێک شتی پێ گوتم، کفری دنیای دەکرد، گوتی پێنج ساڵ قوتابی ئەو بووم، یەک جار کەمانچەی بۆ لێ نەدام، چۆن لەگەڵ تۆ مۆسیقا لێ دەدا، ئەوەندە لەلای خۆشەویست بووم، ئیتر داواکاریم پێشکەشی کۆنسرڤاتۆریۆم کرد، گوتیان دەبێ ساڵێک ئامادەکاری بکەی.

**ڕامان:** ئەو شوێنە پەیمانگە، کۆلێژ، یان چی بوو، نەختێ باسی بکە؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەمە لە پراکتیکدا، نەک لە بواری تیۆریدا، بەرزترین خوێندنی مۆسیقایە، زانکۆ دەبێ مێژوو و شێوازی وتنی گەلان و مۆسیقای گەلانت پێ بڵێ، زانکۆ ئیشی پیشەیی نییە مۆسیقات فێر بکات، زانکۆ تەنیا میوزیکۆلۆجی هەیە، ئەوەی بیەوێ مۆسیقا بخوێنێ، دەبێ بچێتە کۆنسرڤاتۆریۆم بخوێنێ، کە ماوەی پێنج ساڵە، لە ساڵی سێیەمدا، لە دوای دووەم ساڵەوە دەبێ بە دوو بەشەوە، بەشی بەرز و بەشی کەمتر لە بەرز، من کە چووم ساڵێک خۆ ئامادەکردنم وەرگرت، واتە بۆ من بوو بە شەش ساڵ، ئیتر بەشی یەکەم و دووەمم بە سەرکەوتوویی تەواو کرد.

**ڕامان:** لە کاتی خوێندندا، گرفتی زمانت نەمابوو؟

**نامدار قەرەداغی:** تۆزێک گرفتی زمانم هەبوو، کتێبێکمان بە زمانی ئینگلیزی هەبوو، کتێبێکیشمان بە هۆڵەندی بوو، من لەڕووی زمانەوە لەلایەن مامۆستایەکەوە هەندێک یارمەتی درام، ئەگین لە لایەنەکانی دیکەوە، ئەزموونێکی زۆرم هەبوو، بەتایبەتی لەلایەنی تیۆری و هارمۆنی، وانەم بە قوتابییەکانی دیکە دەگوتەوە، وانەم بە قوتابیانی پۆلی خۆم گوتووەتەوە، لە پۆلی پێنجیشدا دوو قوتابی دەرنەچوون، من وام لێ کردن لەوانەی هارمۆنیدا دەرچن.

**ڕامان:** ئەو بەشە بەرز و بەشە ناوەندە چییە و چۆنە؟ کێ دیاری دەکرد تۆ لە کام بەش بیت؟

**نامدار قەرەداغی:** لە پۆلی سێدا دەبێ بە بەشە بەرزەکە و بەشە ناوەندەکە، لیژنە بڕیار دەدا کە تۆ کامیانی، یەکێک لە مامۆستاکانی لیژنەکە گوتبووی بەڵێ ئەمە زۆر باشە، زۆر زیرەکە، بەڵام زمانەکەی زۆر باش و پێرفێکت نییە، گۆکردنی وشەکانی وەکوو هۆڵەندییەک نییە.

**ڕامان:** ئاخر لەکاتێکدا مۆسیقا زمانێکی جیهانیی هەبێ، زمانزانینی پێرفێکتی بۆ چییە؟

**نامدار قەرەداغی:** کە من ئەوەم بیستەوە، میواندارییم کردن، ئێمە تەتبیقمان دەکرد، هەر

لـه پۆلـی دووەوە کـە کەوتینـە تەتبیـق، دەبـوو لـە قوتابخانەکـەدا وانـە بڵێینـەوە. گوتـم وەرن بـۆ وانەیەکـی مـن، ئـەوە بـوو هاتـن، بیسـت دەققـە وانـەم گوتـەوە، بـێ ئـەوەی یـەک وشـە بڵێـم، بـە ئامـاژەدان و گۆرانـی، مۆسـیقام پـێ لێدان، هەمـوو شتێکم دەکرد، قوتابییـەک گوتـی مامۆسـتا بەسـە، ئیتـر قسـە بکـە، ئـەوە بـوو لـە بەشـە بەرزەکـە وەرگیـرام و بـە ئاسـتی زۆر بـاش ئـەو قۆناغـەم بـڕی.

**ڕامـان:** نەمانزانـی ئـەو قۆناغـەی خوێنـدن، کۆلیـژ، یـان دبلۆمـی بـاڵا بـوو؟

**نامدار قەرەداغی:** کۆنسرڤاتۆریۆمی ناوە، کۆنسرڤاتۆریۆم بەرزترین پلـەی خوێندنی هونـەرە.

**ڕامـان:** لـە ئاسـتی ماسـتەرە، یـان دبلۆمـی باڵایە، یـان لێیانـەوە نزیکە؟

**نامـدار قەرەداغـی:** لێـرە لـە سـلێمانی، کـە بڕوانامەکـەم پێشـکەش کـرد و ویسـتمان بەشـی کۆلێژی هونـەرە جوانـەکان بکەینـەوە، گوتیـان ئـەم بڕوانامەیـە لێـرە حیسـابی ماسـتەری بـۆ دەکـرێ، چونکـە ٥ سـاڵ خوێندووتـە، گوتیـان بڕوانامەکـەت بەرانبـەر ماسـتەرە، بەرپرسـانی کۆلێـژی هونـەرە جوانـەکان وتیـان ئەوەنـدە پارەیـەت بـۆ سـەرف دەکەیـن بـۆ مانـەوە، بـڕۆ خانـوو بگـرە.

**ڕامان:** تۆ چەند ساڵ لە هۆڵەندا مایتەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** ٣٤ سـاڵ لـەوێ مامـەوە، لـەو قۆناغـی کۆنسـرڤاتۆریۆمەدا زۆر کارم کـرد، سـاڵی ١٩٨٨ مـن قوتابـی بـووم، کارەسـاتی کیمیابارانـی هەڵەبجـە ڕووی دا، کاتـی تاقیکردنەوەمـان بـوو، خـەوم لـێ نەدەکـەوت، لـە ڕێگـەی تەلەڤزیۆنـەوە هەمـوو کارەسـاتەکەمان دەبینـی، ئێـوە بـە تەواوی نەتاندەبینـی، نازانـم لـەو کاتـەدا تـۆ لـە کـوێ بـووی؟

**ڕامان:** ئەو کاتە من لە سلێمانی بووم.

**نامـدار قەرەداغـی:** ئێـوە کارەسـاتەکەتان بـە تـەواوی نەدەبینـی، بـەڵام ئێمـە لـە تەلەڤزیۆنەکانـی لای خۆمـان، هەموویمـان دەبینـی، ئێـوە بـە تەواوی ڕەوەکەتـان نەدەبینـی، بـەڵام ئێمـە هەموویمـان دەبینـی، ئەگـەر لـە ڕەوەکەشـدا بوویـی، لەوانەیـە تـۆ بـە تەنیـا ناوچەکـەی خـۆت بینیبـێ، ئێمـە تورکیامـان دەبینـی، کامێـرای دنیـا لـەوێ بـوون، تەلەڤزیۆنـەکان بـەردەوام ڕەوەکەیان بڵاو دەکردەوە، لـە کارەسـاتی هەڵەبجـەدا، ئێـران تیمێکـی ناردبـوو، وێنـەی هەمـووی گرتبـوو، ئێسـتاش ئـەو فیلمـە مـاوە، ئەوسـا هەمـووی بڵاوکـردەوە، ئێمـەش دانەیەکمـان لـەو فیلمـەی هەڵەبجە دەست کـەوت.

**ڕامـان:** گوتـت شـەوان بەهـۆی ئـەو کارەسـاتەوە خـەوم لـێ نەدەکـەوت، کارێکـی هونەریت بـۆ ئـەو کارەسـاتی کیمیابارانـی هەڵەبجەیـە نەکـرد؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، مـن شـەوان خـەوم لـێ نەدەکـەوت، لـەم کاتـی تاقیکردنەوەیەشـدا چـووم سـمفۆنیایەکم بـە نـاوی هەڵەبجـەوە دانـا، کـردم بـە تاقیکردنـەوە، بـۆ تاقیکردنـەوەی سـەرۆکایەتیکردنی تیـپ و بـۆ ئاوازدانـان، مامۆسـتایەکم ئـەوەی زۆر بـەدڵ بـوو، تیپێکـی سـمفۆنیای بـۆ دۆزییـەوە، سـەمفۆنیاکەیان لـێ دا و دانەیەکیـان داینـێ، دواتـر لـە سـلێمانی نیشـان درا.

**ڕامـان:** ئـەم تیپـی سـمفۆنیایە، یەکـەم جـار لـە کـوێ نمایشـیان کـرد؟

**نامـدار قەرەداغـی:** ئـەوان چوونـە ڕووسـیا و ئـەم سـمفۆنیایەی هەڵەبجەیـان لـێ دا، کـە بەڕاسـتی سـمفۆنیایە، سـمفۆنیای شـیعریی پـێ دەڵێـن، ئەوە نییـە بڵێـی هـەر نـاوم نابـێ سـمفۆنیا، سـمفۆنیای کلاسـیک چۆنـە لەسـەر ئـەو پەیـڕەوە دانـراوە، واتـە حیکایەتـی تێدایـە، منیـش لـەو سـمفۆنیایەدا حیکایەتـم گێڕاوەتـەوە، کردوومـە بـە بـەش بـەش، ئێسـتا چـوار بەشـە، جـاران سـمفۆنیا سـێ بـەش

بوو، لای من بووە بە چواربەش.

**ڕامان:** ئەو چوار بەشە هێمایە بۆ هەر چوار پارچەکەی کوردستان؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، بەشی یەکەمی هەڵەبجە، بە گۆرانی و مۆسیقا پێشان دەدەم، کە شارێکی ئارامە و هەڵپەرکێ و گۆرانیی هەورامی و خۆشی و ژیانی تێدایە، لە بەشی دووەمدا گوێت لە تەقە دەبێ، بە دەم مۆسیقاوە فڕۆکە دێ و دەبێ بە بۆمباباران و وێرانکاری و هاوار و هاوار، لە بەشی سێیەمدا چوار میلۆدیم هێناوە و تێکەڵی یەکم کردوون، کە چوار پارچەی کوردستانە، میلۆدییەک بۆ ناو هەڵەبجە و بۆ سەر تەرمی شەهیدەکان دێ، ئەمە پارچەی خۆمانە، میلۆدی دووەم لە ڕۆژهەڵاتەوە دێ، بە میلۆدییەکی دی کە لەگەڵ ئەم میلۆدییەدا دەگونجێ و لە ڕووی هارمۆنییەوە دەگونجێن، دێن بۆ سەر تەرمەکان، میلۆدی سێیەم لە ڕۆژئاواوە دێ، لە باکوورەوە میلۆدییەکی دیکە دێ، بە چوار میلۆدی دەیانکەم بە یەک.

**ڕامان:** ئەو میلۆدیانە هەموویان پێکەوە لێ دەدرێن؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، لەوێشدا بڕیار دەدەن بۆ سەر قەبرانیان ببەن، ئیتر هەر بە مۆسیقا بۆ سەر قەبرانیان دەبەن، لەسەر قەبران دەیکەن بە ترۆمپێتێک، کۆبوونەوەیەک دەکەن، ئەم چوار میلۆدییە، ئەم چوار پارچەیە، بڕیاری شکست و وازهێنان، یان بڕیاری شۆڕش بدەن، ترۆمپێت دەیکات بە «ئەی ڕەقیب»، بڕیاری شۆڕش دەدەن، بە دەم «ئەی ڕەقیب»ـەوە تەرمەکان دەنێژن، بە «ئەی ڕەقیب»یش کۆتایی دێت.

**ڕامان:** کە بە (ئەی ڕەقیب) کۆتاییت بە سمفۆنیاکە هێناوە، ڕەهەندی بەردەوامیی شۆڕشت داوەتە سمفۆنیاکە؟

**نامدار قەرەداغی:** کۆتاییەکەی ئەوەیە کە شۆڕش بەردەوامە، ئێستا تۆ بڵێی «ئەی ڕەقیب» ماوە قەومی کوردزمان کۆتایی هاتبێ، من هەر دەڕۆم، هەر دەڕۆم، وردە وردە دەنگەکە نامێنێ، مانای وایە شۆڕش بەردەوامە.

**ڕامان:** ئەم سمفۆنیایە کە لە هۆڵەندا بڵاو کرایەوە، گوێگرانی ئەو وڵاتە، چۆن پێشوازییان لێ کرد؟

**نامدار قەرەداغی:** من سمفۆنیاکەم لە کاتی تاقیکردنەوەی خۆم پێشکەشم کرد، ئەوە تاقیکردنەوەی جووڵانەوەمان هەیە، لەوەشدا هەر ئەو دەنگەم (هیی سمفۆنیایەکە) تۆمار کردبوو، هەر بەوەش چوومە تاقیکردنەوەی جووڵە و مۆسیقاوە، ئەمە یەکێک لە ئیشەکانم بوو، کە زۆر بەدڵم بوو.

**ڕامان:** هەر ئەم سمفۆنیایەت هەیە، یان سمفۆنیای دیکەشی بەدواداهات؟

**نامدار قەرەداغی:** کاری تریشم کرد، وانەی کۆڕاڵمان هەبوو، گۆرانیگوتنی بە کۆمەڵ، بەبێ ئامێری مۆسیقا، کۆڕاڵ دەبێ بەبێ ئامێری مۆسیقا بێ، من هاتم کاری کوردیم نووسییەوە، یەکێک دەبوویە کۆڕاڵێکی بنووسیایە و خۆشی پیادەی بکردبایە، من میلۆدی کوردیم هێنا، خۆشم میلۆدیم دروست کرد، دوو کۆڕاڵم بە زمانی کوردی دروست کرد، قوتابییەکانم کاری کۆڕاڵی کوردیم پێ دەکردن، ئەوانەم پێشکەش کرد، دوایی کە بۆ ناو هۆڵەندییەکان و ئەوروپاییەکان چووم و لەگەڵیان ڕێککەوتم، جارێکی دیکە ئەمانەم دووبارە کردەوە.

**ڕامان:** لە ئەورووپا هەر ئەو تیپەت بە ناوی (تیپی هونەری ئاوارە)وە دانا؟

**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، بۆ قوتابخانەیەکی دیکە چووم. لە ڕەوەکەدا گەڕامەوە، خێزانم دروست کرد و چوومەوە بۆ هۆڵەندا، تیپی

ئاواره تا ساڵی ١٩٩٦ بەردەوام بوو، دوایی خەڵکێکی زۆر، لەناویاندا هونەرمەندی زۆر ڕوویان کردە دەرەوە، ئەو هاتنە دەرەوەیە، دوای ڕەوەکە بوو، کە خەڵکێکی زۆر هاتن، ئیتر تەلەفزیۆنە کوردییەکان و تیپی موزیکی کوردی دروست بوون، چونکە تا ئەو سەردەمانە لە ئەوروپا تەنیا تیپی ئێمە هەبوو، لە ئیتاڵیا بەرزان یاسین و کۆمەڵێک هەبوون، بەڵام خەریکی خوێندن بوون و تیپیان نەبوو، ئەوانە لە نەورۆزدا کۆدەبوونەوە و کاریان دەکرد، بەڵام تیپ نەبوون تا بگەڕێن و ئاهەنگ ساز بکەن.

**ڕامان:** ئەو تیپەی ئیتاڵیا ناوی چ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** نازانم، لەوانەیە هەر ناوی نەبووبێ.

**ڕامان:** کێ سەروکاری ئەو تیپەی دەکرد و دەیبرد بەڕێوە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەرزان یاسین و یەک دوو کەسی دیکە بوون، بەڵام لە ئەوروپا تاقە تیپێک هەبووبێ، تەنیا تیپی ئاوارە هەبوو، کە هەموو ئەوروپا گەڕابێ، ئیتر ئەو هونەرمەندانەی هاتن، بەهۆی سەرقاڵیی زۆری من، وای لێ هات لە ساڵی ١٩٩٦ وردە وردە وازمان لە تیپی ئاوارە هێنا.

**ڕامان:** تیپەکەی دی کامە بوو، کارت لەگەڵ کردن؟

**نامدار قەرەداغی:** لە ساڵی ٢٠٠٠ و ٢٠٠١ سەنتەری کولتووریی نەورۆز، لە شاری تفلایدن لە هۆڵەندا هەبوو، برادەرێک بە ناوی ڕێبوار ڕەئووف بەڕێوەی دەبرد، کۆمەڵێک کوردی ئەو ناوچەیە لێی کۆبووبوونەوە، پێکەوە سەیرانیان دەکرد و دادەنیشتن، هەوڵیان دەدا منداڵان فێری زمانی کوردی بکەن. من لە هۆڵەندا هەمان شت لەگەڵ سالاری برام و خوا لێی خۆش بێ (نەسرین عەبدوڵڵا نووری)ی براژنم، کە کۆرسی زمانی کوردی دەکرایەوە، لەوێ منداڵم فێری مۆسیقا دەکرد، تیپیشم لێ دروست دەکردن و لە چالاکیی بچووک و سادەدا تیپەکەم دادەبەزاند.

**ڕامان:** ئەو چالاکییەت دوای گەڕانەوەت بۆ هۆڵەندا، دوای ژنهێنان لە سلێمانی و گەڕانەوەت بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، لە ساڵی ٢٠٠٠ بۆ ٢٠٠١ سەنتەری کولتووریی نەورۆز دامەزرا، بە بۆنەی جەژنی نەورۆز ئاهەنگێکیان گێڕابوو، کە هەروا ئاهەنگێکی ئاسایی بوو، ئەوەم بەلاوە جوان بوو کۆمەڵێک کورد کۆبوونەتەوە، ئێمەش لە هۆڵەندا، لە ئامستردام و لە شوێنەکانی دی زۆر لەو جۆرە کارانەمان دەکرد، کە بیستم شتێکی وا هەیە، داوایان لێ کردم بچم یارمەتییان بدەم و لەوێش شتێک بکەم، کە چووم زۆر بەدڵم بوون، گوتم باشە، من لەم ناوچەیە قوتابخانەیەک دەکەمەوە.

**ڕامان:** مەبەستت لە کردنەوەی قوتابخانە، بۆ فێربوونی مۆسیقابوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، قوتابخانەکەم بە ناوی قوتابخانەی (نامۆ)وە کردەوە و کۆمەڵێک قوتابیی ئەو ناوچەیە و شوێنە دوورەکانیش دەهاتن و ناوی خۆیان دەنووسی، ئەو سەنتەری کولتووریی نەورۆزە لە ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە شوێنێکیان گرتبوو، شوێنەکەی ئەوانم بۆ ئەو مەبەستە بەکار دەهێنا، ئەوانیش یارمەتییان دەدام، بەتایبەتی ڕێبوار ڕەئووف کە ئیشی بەڕێوەبردنی سەنتەرەکەی دەکرد.

**ڕامان:** ئەو کوڕە خەڵکی سلێمانییە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ڕێبواری مەلا ڕەئووفی پێ دەڵێن، زۆر ئیشکەر و کۆڵنەدەر بوو، هەموویان دەهاتن ناوی خۆیان دەنووسی،

تەنانــەت گەورەکانیــش نــاوی خۆیــان نووســی، منداڵــەکان و زۆر لــە دایــک و باوکــەکان نــاوی خۆیــان نووســی، ســەیر دەکــەم ئــەو نــاوی خــۆی نانووســێ، لــە کاتێکــدا ئیشــکەری یەکــەم ئەمــە، هەمــوو ئیشــەکان ئــەو بەڕێــوەی دەبــردن. گوتــم بــۆ نــاوی خــۆت نانووســی؟ گوتــی ئەگــەر مــن نــاوی خــۆم بنووســم، ئــەی کــێ خزمەتــی ئێــوە بکات؟ دواجار ناچارم کرد کە هــەر دەبێ نــاوی خۆی بنووسێ، بــەزۆر نــاوی خۆیم پــێ نووســی.

**ڕامــان:** ڕێبــوار ڕەئــووف حــەزی لــە مۆســیقا دەکرد، یــان تەنیــا ئیشــی بەڕێوەبــردن و کارگێــڕی دەکــرد؟

**نامــدار قەرەداغــی:** ئــەو حــەزی لــە ئامێــری کلارنێــت بــوو، بۆیــە دەســتی دایــە وانــە خوێنــدن و کلارنێتێکــی باشــیش فێــر بــوو، کــە هاتــە تیپەکەشــەوە، ئیشــی جوانــی کــرد، لــە کــۆرس بــەردەوام بــوو.

**ڕامــان:** چــۆن ئامێرەکانــی موزیکتــان بــۆ ئــەو قوتابیانــە دابیــن کــرد؟

**نامــدار قەرەداغــی:** ئامێریــان بــۆ کــڕرا، ئەوەبــوو بــە ماوەیەکــی کــەم و زۆر خێــرا، وەک تیپــی بێخــود فێــر بوون، ئەوجــا کەوتینــە ئاهەنگگێڕانــی کــوردی، وای لــێ هــات هۆڵەندییەکانیــش پێیــان زانــی و لــە پێشــبڕکێی هۆڵەندیــی ناوەڕاســتی هۆڵەنــدا بانــگ کراین، ئێمــە و هەمــوو تیپەکانــی منداڵــەکان بانــگ کرایــن، لــە کێبەرکێکــە تیپــی ئێمــە بــوو، بــە دووەمــی ناوەڕاســتی هۆڵەنــدا دەرچوویــن.

**ڕامــان:** دەزانــم کۆکردنــەوەی خەڵکــی بــۆ ئــەو جــۆرە چالاکییانــە لــە ئەوروپــا، کارێکــی ئاســان نییــە.

**نامدار قەرەداغــی:** زۆر زەحمەتــە، ئێمــە بــە جلی کوردییــەوە چالاکیمــان زۆر بــوو، تەلەڤزیۆنەکانــی دەرەوەی وڵات، بــەردەوام بانگیــان دەکردیــن، لــە میهرەجانــی (کۆلــن)دا کارەکانمــان پێشــکەش دەکــرد، کــە بەجارێــک دە هــەزار، ســەد هــەزار کەس دەچــووە ئەوێــوە، ئێمــەش بانگ دەکراین و مۆســیقامان لــێ دەدا، وەک تیپــی ئــاوارە و تیپــی نامــۆ ئــاوا پەرەمــان ســەند.

**ڕامــان:** بیرتــان لــە کاری نــوێ نەکــردەوە، کــە پتــر بــە گۆرانــی و مۆســیقای کــوردی، ســەرنجی ئەوروپاییــەکان ڕابکێشــن؟

**نامــدار قەرەداغــی:** چــۆن نــا، دوایــی بیرمــان کــردەوە کــە پێویســتە زۆر کار بکەیــن، چونکــە مــن زۆر حــەزم لــە کاری نــوێ بــوو، لەبــەر ئــەوەی کــە لــە سلێمانیش بــووم، زۆر حــەزم لــە هارمۆنیا و مۆســیقای کلاســیک بــوو، زۆر حــەزم لــە بــە کلاســیککردن و هونەریکردنــی مۆســیقای کــوردی بــوو، هەمیشــە هەوڵــم داوە، کــە لێــرە (لــە سلێمانی) بــووم، کاری بچووکم دەکــرد، دەســەڵات و توانایــی داراییمــان ئەوەنــدە بــوو.

**ڕامــان:** لــە هۆڵەنــداش کــە خوێندبــووت، هــەر حــەزت لــەو جــۆرە ئیشــانە بــوو؟

**نامــدار قەرەداغــی:** لــە کۆنســرڤاتۆریۆم چەنــد ئیشــێکی وام کــرد، ســمفۆنیام دانابــوو، گوتــم بــۆ ئێســتا قســە لەگــەڵ تیپــی ســمفۆنیاکانی هۆڵەنــدا نەکەیــن، بــا مۆســیقای کوردییــان بــە مۆســیقای کلاســیکی ئەوروپــی بــۆ داڕێــژم، چاکەتێکــی ئەوروپییانــە لەبــەر ڕەســەنایەتیی کوردی بکەیــن.

**ڕامــان:** بــۆ ئــەو مەبەســتە قســەتان لەگــەڵ کــێ کــرد؟

**نامــدار قەرەداغــی:** قســەمان لەگــەڵ زۆر شــوێندا کــرد، هەندێکیــان ناتناســن، زەحمەتــە یەکســەر پێــی بڵێــی مــن ئیــش دەکــەم و وەرە مۆســیقام بــۆ بنووســەرەوە و منیــش مۆســیقا لــێ دەدەم و پێکــەوە کۆنســێرت دەکەیــن، ئەمــە تۆزێــک کاتــی ویســت تــا تیپێکــی ســمفۆنی و تیپــی

کۆرسی کۆڕاڵمان دەست کەوت کە ئامادەی ئەو کارە بن، کاتێک ئامادەییان پێشان دا و من کەوتمە نووسین بۆیان، یەک دنیا بابەت و کەرستەی ڕەسەنی کوردیم، بە هارمۆنی و ڕۆحیەتی کلاسیکییەوە، بۆ ئەم تیپە سمفۆنییە و کۆڕاڵەکانم نووسی.

**ڕامان:** پێشتر هەر خۆت ناوی ئەو قوتابخانەیەت نابوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئەوەیانم ناو نا نامۆ، هەر خۆم ناوم نا.

**ڕامان:** کە گەڕایتەوە کوردستان، قوتابخانە و تیپەکە مابوون؟

**نامدار قەرەداغی:** هەر مابوو، تا ئەو ساتەی باسی دەکەم هەر هەیە.

**ڕامان:** کە خۆت لەوێ بووی، دەستەی بەڕێوەبەرتان هەبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** نا، دەستەی بەڕێوەبەری نەبوو، هەر خۆم بووم، کێ دەکەی بە دەستەی بەڕێوەبەر؟

**ڕامان:** تۆ گوتت تا ئەو ساتەی باسی دەکەم هەر ماوە، مەبەستت تا ئەوساتەیە کە خۆت لەوێ بووی؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، کە من ڕۆیشتم نەما، کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ کە من بە یەکجاری گەڕامەوە کوردستان، ئیتر ئەویش نامێنێ، چونکە لە حەقیقەتدا هەر من بووم، ئەوانیش هەر یەکەیان لە شارێکەوە بۆی دەهاتن، لەو قوتابخانەیەدا جگە لەوەی فێری مۆسیقام دەکردن، یەکێک لە هۆکارەکانی دیکەی هەبوونی ئەوەیە خۆیان و دایک و باوک و چوار تەنیشتمان کۆدەکردەوە، جارێکی دیکە پێوەندیی منداڵەکان و دایک و باوکیانمان بە کوردستانەوە دەبەستەوە، ئەوە یەکێک لە ئامانجەکانی قوتابخانە و تیپەکەمان بوو.

**ڕامان:** بێجگە لە فێربوونی مۆسیقا، منداڵەکان کولتووری کوردی، وشەی کوردی و نەریتە کوردییەکانتان بۆ زیندوو دەکردنەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** ئێمە لە ڕێگەی چالاکی و کۆنسێرتەکانمانەوە هەموو کوردمان کۆ دەکردەوە، جارێکی دیکە بە ڕەسەنایەتی و کوردایەتی ئاشنامان دەکردنەوە، واتە ڕۆحیەتی کوردایەتی و ڕەسەنایەتی لە ڕێگەی ئەم کارانەوە زیندوو دەکرانەوە، ئەوجا لە ڕێگەی (سەنتەری نەورۆز) یشەوە، وانەی کوردیی بە منداڵەکان دەگوترایەوە و زمانی کوردییان دەخوێند، زۆر ئامانجمان هەبوو، هەر مۆسیقا نەبوو، وەک ئەو قوتابخانەیەی ئێستام، کە مۆسیقا لای من ئامرازە، مۆسیقا خۆی چەند جوانی دەبەخشێ، بەڵام وەک ئامرازێک بەکاری دەهێنم، لەوێش هەروا بوو.

**ڕامان:** مۆسیقا لەلات ئامانجی سەرەکی نییە، بۆچی لەلای تۆ ئامرازە؟

**نامدار قەرەداغی:** ئامرازە بۆ مرۆڤایەتی و بۆ خزمەتی مرۆڤ، دواتر بۆ کوردایەتی، من مرۆڤبوونم زۆر لەلا گرنگە، لەبەر ئەوەی کوردایەتیم زۆر لەلا گرنگە. بڕوات هەبێ ئەگەر کورد نەچەوسێتەوە، هیچ لەلام گرینگ نییە، ڕەسەنایەتی بپارێزرێ، بەم پلەیە لەلام پێویست نییە، ئەگەر ڕەسەنایەتی نەبێ، بەڵام کە میللەتەکەم و کولتوورەکەم دەتوێننەوە و تالان دەکرێ، هەر وەکوو میللەت دەمتوێننەوە، بۆیە لەسەر ڕەسەنایەتی دەوەستم.

**ڕامان:** ئێستا زۆر بە ئاشکرا خەریکی توانەوەمانن، من ئەمەی ئێستام لە هیی زەمانی زوو زۆر پێ مەترسیدارتر و خراپترە، چونکە زۆر بە نەرمی و بە هێواشی مسی تواوەمان پێدا دەکەن، بەلامەوە مەترسی ئەمەیان زیاترە.

**نامدار قەرەداغی:** خەڵک هەندێکیان عەقڵیان

پێی ناشکێ، هەندێکیان موستەحەقن، هەندێکیشی هەستی نەتەوایەتی لەلا نەماوە، یان عەقڵی نەماوە و دنیا گۆڕاوە، بەرژەوەندی زیادی کردووە، بۆیە ئیشەکانی ئێمە لەو ڕۆحیەتەوە هاتبوو، لەبەر ئەوە تیپی نامۆ زۆر کاری جوانی کرد.

**ڕامان:** ئەی چۆن چوونە ناو دنیای سمفۆنیاوە؟

**نامدار قەرەداغی:** کە سمفۆنیام بۆ دەنووسینەوە ئەزیەتیکی زۆرم دەکێشا، ئیشێکی زۆرم دەکرد، من و ڕێبوار ڕەئووف هەموو هەفتەیەک بۆ ڕاهێنان لەگەڵیان دەچووین، کاری ئەو زیاتر کارگێڕی و پارەپەیداکردن بوو بۆ کۆنسێرتەکە، تیپی سمفۆنیاکە، یان ئەوانەی مۆسیقاکە لێ دەدەن و گۆرانییەکە دەڵێن، ئەوان حەقیان بەسەرەوە نییە، تۆ ئەگەر هۆڵیان بۆ پەیدا نەکەی، ڕاهێنانی خۆیانی تێدا بکەن، کاریان پێ ناکرێ. هۆڵی نمایش، ئامێری دەنگ، وێنەگرتن، چاپ کردن و هەموو شتێک، ئەوان کاریان پێ ناکرێ، ئەو پارەی لە ڕێکخراوە خێرخوازەکانەوە کۆ دەکردەوە، پێداویستییەکانی کارکردن زۆرن، بۆ ئەوەی بتوانین هۆڵەکە بەکرێ بگرین و ئامێری دەنگ بێنین، بتوانین ڤیدیۆ بێنین و وێنە بگیرێ، یان تەلەڤزیۆن بێنین.

**ڕامان:** ڕاستە، ئەمانە پارەیان پێویستە، دەبێ کۆمەک و پشتیوانی ماددی هەبێ.

**نامدار قەرەداغی:** ڕێبوار ڕەئووف، لە پاڵ هەندێک ئیشی کارگێڕی، زۆر یارمەتی منی دا، من ئاوازەکانم بۆ شیعرەکان دادەنا، بەڵام کاتم نەبوو شیعرەکان لەژێر نۆتەکاندا بنووسم، ئەویش دەبوو بە لاتینی گۆی بکەم و نموونەم پێشان دەدا، دەیبردەوە ماڵەوە و جێبەجێی دەکرد و دەیهێنایەوە، ئەگەر هەڵەیەکی تێدا بووایە، بۆم ڕاست دەکردەوە، ئەو لەو ڕووانەشەوە یارمەتیی دەدام.

**ڕامان:** ئەی ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٢، کە کاسێتێکی سروودی نیشتمانیتان لەلایەن تیپەکەتانەوە تۆمار کردووە، سەرگوزشتەی تۆمارکردنی ئەو کاسێتە چۆنە؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەها شتم بیر دەچێ، ئەوە یەکێکە لەو کارانەی لەبیرم چووبوون، کاسێتەکەش لەلام ماوە، من لە ١٩٨٢ چوومە دەرەوە، لە مانگی تەممووزی ئەو ساڵەدا لە کوردستان، کێ وێراوێتی سروودێک بڵێ، هەر ئەوەی ناسر ڕەزازی بوو، کە بە دزی و بەو ترس و لەرزە زۆرەوە کردمان، بەو مەترسیانەی هەبوون، هەندێک کارمان کردووە، لەسەر شانۆ باسی کوردستانمان کردووە، ئێستاش دەڵێین چۆن وێراومانە ئەو کارانە بکەین.

**ڕامان:** کاری لەو جۆرە لە کوردستان مەترسیدار بوو، ئەی لە دەرەوە چۆن بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** لە دەرەوە ئێمە ئازادین، هەل و دەرفەتێکی باش هاتووەتە پێش، ستۆدیۆیەکمان گرت، پارەوپوولمان نەبوو، بە پارەی خۆمان چووین لە شارێکی دی هۆڵمان گرت، دەگەڕاین کام هۆڵەی هەرزانە و کامەی لەدەستمان دێ بیگرین، ئەوەمان گرت و ڕاهێنانێکی زۆرمان کرد، ئاخر هەشت نۆ گۆرانین، نۆتەی ماددەکانم نووسیوە، هەشت نۆ ماددەم ئامادە کرد.

**ڕامان:** ئەو نۆ ماددەیە هەر هەمووی ئاواز و ئامادەکردنی خۆت بوون؟

**نامدار قەرەداغی:** زۆربەی هەرە زۆریان ئاوازی خۆمن، یەکێک، یان دووانیان نەبێ، شیعری جوانم دەست کەوت، ئاوازم بۆ دانان، بە تیپەکەم لەبەر کردن، ئەندامانی تیپەکەشمان ئەو کاتە هێشتا ژمارەیان زۆر نەبوو، سالار سەلمان هات، ئەو لە ئەندامانی ئەو تیپە بوو، ئەزموونی نزیکی ساڵێکمان پێکەوە هەبوو،

تۆزێک بەهێز بووبووین، چووینە ستۆدیۆ و بە لایڤ (بە زیندوو) کە بۆم باس کرد، لەناو ستۆدیۆکە تۆمارمان کردن، ئەوە نەبوو وەک ستۆدیۆی ئێرە تاک تاک و تراک تراک بیکەین، هەر یەکسەر وەک لایڤ تۆمارمان کردن.

**ڕامان:** کێ و کێ سروودەکانیان گوت؟

**نامدار قەرەداغی:** هەر ئەو کەسانەی کە قەت پێشتر گۆرانبێژ نەبوون ، یەکێک لەوانە ئاری عارف بوو کە قەت گۆرانیبێژ نەبووە، بەڵام کە بووە ئەندامی تیپی ئاوارە، وەکوو کۆرس و هەڵپەرکێ، دوایی لەبەر ئەوەی گۆرانیبێژمان نەبوو، ئەوانەی دەنگیان خۆش بوو و دەیانتوانی گۆرانی بڵێن، وەکوو گۆرانیبێژ سوودمان لێ وەرگرن، ئەویش یەکێکە لەوانەی کە لە تەلەڤزیۆنی هۆڵەندا گۆرانی «چاوت جوانە لەیلا»، «ئاوەدان مەهاباد» سۆلۆکەی ئەوە. ئاری عارف پێی گوتم یەکێک بە ناوی کەمال محەمەدئەمین هەیە، کە لە زانکۆ دەیخوێند، لە ژیانیدا گۆرانیی نەگوتووە، ئەویش بۆ یەک دوو سروود لەگەڵمان هات. یەکێکی دی ژنێکی ناسیاومان بوو، سروودەکان یەکێکیان «کاکی برا، هۆ خوشکی کورد» کە من و پەیمان عەنبەر پێکەوە گوتوومانە، ئەوە ژنی ئەنوەر جۆڵایە، هەڵبەستی سروودەکە هیی کامیل ژیرە، لەگەڵ تیپی هونەریی ئاوارە پێکەوە گوتمان.

**ڕامان:** ئەو سروودەش ئامادەکردن و ئاوازی تۆ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئەوەش ئاواز و دابەشکردنی من بوو، یەکێکی دی لەو سروودانە گۆرانیی «زۆران»، شیعری خالید دلێر بوو، ئەوەشیان هەر ئاواز و دابەشکردنی خۆم بوو، کەمال محەمەدئەمین دەیگوت. گۆرانییەکی دیکە «یەکێتی»، ئەوە ئاری عارف گوتی، کە شیعری (قانع)ـە، ئەوەی دەڵێ: «مستەکۆڵە بێ و دەست دەسووتێنێ»، «هەر دێینەوە»، کۆرس لەگەڵ پەیمان عەنبەر گوتیان، هۆنراوەی ئەو گۆرانییەی لە عەرەبییەوە وەرگێڕابوو، هەر ئاواز و دابەشکردنی منە، داستانی شەهیدێک، شیعری سالاری برامە، عەلی حەمەسالح هەڵیبژاردبوو، کە قوتابی سالاری برام بوو.

**ڕامان:** ئەو (عەلی حەمەسالح)ـە کێ بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** عەلی حەمەسالح، بەڕێوەبەری قوتابخانەی جافەران بوو، چەند ساڵێک لەوێ بوو، شانۆییەکی بەناوی «هیوا» بۆ چالاکیی قوتابخانەکان هێنابوو، باسی نسکۆکەی دەکرد، ئەم منداڵەشی تێدا بەشدار بوو، کە کوردانە پەروەردەی کردبوو، ئەو ئۆپەرێتە باس لەوە دەکا کە نابێ هیوا ببڕین، ئەوەش ئاواز و دابەشکردنی من بوو، شیعری سالاری برام بوو.

**ڕامان:** دیارە سالاری براشت شیعری بۆ گۆرانی و چالاکییە هونەرییەکانت نووسیوە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، سروودی «ڕێی خەباتمان» کە ئاوازەکەی ڕووسییە، من ئامادە و دابەشم کردبوو، «بە کوردایەتی» هەر کەمال محەمەدئەمین، لەگەڵ پەیمان عەنبەر گوتی، ئەمانە هەمووی بە شریت لەلام ماون، کە ئاواز و دابەشکردنی خۆمن، «هیوامان سەرکەوتنە» هەر ئاری عارف گوتوویەتی، ئەوەشیان شیعری خۆمە، «هەر هیوامان سەرکەوتنە، با چەند جاریش لێ بکەوین، مادام بیرمان لە کارە»، شیعرەکە و ئاوازەکەش تۆمار کراون و لەلام ماون.

**ڕامان:** پێشتر ئەو بەرهەمانەتان لە کوردستان تۆمار کردبوون، یان پێشکەش کرابوون؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەم «هیوامان سەرکەوتنە»، تیپی منداڵانی بێخودیش کاتی خۆی تۆماری

کـردووە، باسـی ئەوانیشـمان کـرد، کـە شـریتێکی تۆمـار کـراوم لـە تیپـی مەولـەوی بـۆ «تیپـی منداڵانی بێخود» تۆمار کرد، کە ئـەم «هیوامـان سـەرکەوتن» و «یەکێتـی» و ئـەو سـێیانەی تێدایە، ئەمەشیان لە شیعر و ئاواز و دابەشکردنی خۆمە، هەروەها «من پێشمەرگەی کوردستانم»ی تێدایە.

**ڕامـان:** دیـارە هۆنراوەشـت نووسـیوە و خـۆت دەرناخـەی؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، نـاو بەنـاو هۆنـراوەم نووسـیوە، بـەڵام مـن بـە هیـچ جۆرێـک شـاعیر نیـم، مەگـەر لـە کاتـی پێویسـتیدا هۆنـراوەم دانابـێ.

**ڕامـان:** تـا ئێسـتا چەند هۆنراوەت بۆ کارەکانت نووسیوە؟

**نامدار قەرەداغی:** ژمارەیان نازانم.

**ڕامان:** زۆرن، کەمن؟

**نامـدار قەرەداغـی:** ژمارەیـان کەمـە، ئەویش خۆم نەهاتـووم هۆنـراوە دابنێـم، تەنیـا کـە پێویسـتم پێـی بـووە و دەسـتم نەکەوتـووە، ناچـار بـووم هۆنراوەیەکـم دانـاوە، حـەزم کـرد بەرهەمێکـی نـوێ لـە شـیعری منداڵانـدا دانێیـن، هەسـتم کـرد کـە ئێمـە گۆرانیـی منداڵانمـان هەیـە، بـەڵام گـەورە گۆرانـی بـۆ منـداڵ دەڵـێ، هەشـمانە منـداڵ بـۆ منداڵـی دەڵـێ، لـە هەمـوو ئەمانەشـدا گـەورە مۆسـیقا بـۆ منـداڵ لـێ دەدا، مـن هاتـم شـتێکی دیکـەم کـرد، هۆنـراوەم نووسـی و ئـاوازم بـۆی دانـا.

**ڕامـان:** لایەنـە نوێیەکـەی کارەکانـی تـۆ بـۆ منـداڵان لـە چیـدا بـوون؟

**نامدار قەرەداغی:** ئـەوە بـوو کە منداڵ گۆرانی دەڵـێ، ئامـۆژگاری گـەورە دەکا، لـە ڕێگـەی منداڵـەوە مـن ئامـۆژگاری گـەورە دەکـەم، منداڵـم هێنـا مۆسـیقا بـۆ گـەورە لـێ دا، یەکێـک لـەو هۆنراوانـە ئەوەیـە کـە لـە ئاهەنگەکانـی کۆنسێرتی ئێرەشدا پێشکەشمان کردووە، دەڵـێ: «نەمامین ئێمـە، ئێـوە باخـەوان، ئـەی دایـک و بـاوک و ئـەی گەورەکانمـان، چـۆن پـەروەردە بیـن، وەهـا دێینـە بـەر، پاشـەڕۆژی گـەل بـەرن بـەرەو سـەر»، کۆمەڵێـک ئامۆژگارییـە، هەروەهـا دەڵـێ: ئێمـە وەکوو نەمـام واین، پاشـان دەڵێ بـە کوردایەتـی پەروەردەمـان بکـەن، زانسـت و کوردایەتـی بخەنـە مێشـکمانەوە، بـا بەسـەر دوژمنانـدا زاڵ بیـن، تکایـە ئاوامـان پـەروەردە بکـەن.

**ڕامـان:** لـەم ڕێگەیـەوە، واتـە لـە زمانـی منداڵەکەوە، ئامۆژگارییەکـە کاریگـەری خـۆی دەبـێ، ئەمـە شـێوازێکی نوێیـە، منداڵانیـش ژەنیـاری کارەکانیـان بـن، ئـەوە زۆر باشـترە.

**نامـدار قەرەداغـی:** ئـەم گۆرانییـەش لـەو بابەتەیە. بێجگـە لـەوە لـە ئیشـەکانی ئەوێـش کاسـێتێکم دەرکـرد، هـەر لـە ئەورووپـا سـاڵی یەکەمـم بـوو، کاسێتێکم بۆ ئافرەتێک دەرکرد، کچێک بـە نـاوی دەلال خـۆی کـرد بـە ماڵمانـدا، کوردی کوردستانی باکـوور بـوو، لـە ئەورووپـا دەژیـا، گوتـی زۆر بـە دوای کەمانچەژەنێکـدا گـەڕاوم، دەمـەوێ شـریتێک تۆمـار بکـەم، ئەگـەر بیبیسـتی، هەمـوو شـریتەکە کوردییـە و ڕەسـەنە، باڵەبـان و عـوود و چـی و چیم دەست کەوتـووە، بـەڵام پێویسـتم بـە کەمانـە، نـاوی تۆیـان بـۆ هەڵـداوم، تکایـە یارمەتیـم بـدە، کچێکـی گەنـج بـوو.

**ڕامـان:** دواجـار بـە دەنگییـەوە چـووی، کارەکـەت بـۆی کـرد؟

**نامـدار قەرەداغـی:** بەڵـێ، گوتـم بەسـەرچاو، لـە کـوێ دەیکـەی؟ گوتـی مـن سـتۆدیۆیەکم لـە سـنووری فەرەنسـا گرتـووە، لـەوێ دەیکەیـن، هەڤاڵـی بارگـران- محەمـەد تەیـب تاهیـر و فـڵان

و فلانم لەگەڵدایە، ناوی دووان سییانێکی گوت، گوتی ئەوانەشم لەگەڵدایە.

**ڕامان:** محەمەد تەیب تاهیر کامەیە؟

**نامدار قەرەداغی:** محەمەد تەیب تاهیر هەبوو، لە ئێزگەی بەغدا گۆرانی زۆری گوتووە، لەوێ پێیان دەگوت هەڤاڵی بارگران.

**ڕامان:** دەی باشە، دواتر کارەکەتان بە کوێ گەیشت؟

**نامدار قەرەداغی:** پێم گوت من ئامادەم هاوکاریت بکەم، بەڵام هیچ بەڵگەنامەکم نییە، بۆیە ناتوانم بێم. گوتی ئەوە ئاسانە، من دەتبەمە ناو فەرەنسا، تۆ هەقی هیچت نەبێ. گوتی برادەرانمانی ئێمە لەوێن و کارت بۆ ئاسان دەکەن.

**ڕامان:** بۆ ئەم چوونەت، دیارە زۆری لێ کردووی و لەڕوو داماوی؟

**نامدار قەرەداغی:** هەروا بوو، تۆزێکیش دەترسام، هاوڕێیەکم هەبوو ناوی بەختیار شەمەیی بوو، ئەویش حەزی کرد لەگەڵم بێت، من و ئەویان بۆ سنووری ئەڵمانیا برد، لەوێ ئێمەیان لە دێیەک دابەزاند، ئێستا لە دێیەکە شەش حەوت کەسم لەگەڵدایە، گوتیان ئەو ڕێگەیە دەبینی، تەلەفوون دانراوە، تەلەفوونی خاریجی، ئەو ڕێگەیە ئاوا دەڕوا و ئاوا دەڕوا، تۆ ئاوا بڕۆ، ئەوە دێیە، ئەمە دێیە و ئەوەکەی دیکەش دێیە، هەر بە یەکەوە نووساون، ئاوا بەو ڕێیەدا بڕۆ و حەقت نەبێ، ئەم ڕێگەیە لەم سەرەوە تەواو دەبێ و دێتە سەر جادە سەرەکییەکە، کە بووە جادەی سەرەکی، ئێمە لەوێ لە ئۆتۆمبیلەکەماندا چاوەڕێت دەبین.

**ڕامان:** توخوا ئەمە کەی ئاسانکاری و دەرکردنە؟

**نامدار قەرەداغی:** ئیتر بردیانین و کردیانین بە سنووری فەرەنسادا، لەوێ چەند شەوێک لەوێ ماینەوە و کاسێتێکمان بۆ تۆمار کرد، لە گەڕانەوەدا هاوڕێکانمان لەو شوێنە دایانبەزاندین تا بگەڕێینەوە، ئەوان چوونەوە ئەو سەرەوە و ئەو شوێنەی کە ئێمەیان لێ دابەزاندووە، ئەوە لە دوورەوە وەستاون، ئیتر ئەگەر بگەڕێینەوە دەمانبینن، گۆڕەپانێک لە بەینماندا بوو، من و بەختیار شەمەیی هاتینەوە و ئەوان لە پێشەوە دەڕۆیشتن.

**ڕامان:** چوون و هاتنەوەکەتان ناخۆش بووە.

**نامدار قەرەداغی:** زۆر، بە هاوڕێکەم گوت تۆ ئاگاداری، ئێمە بۆ ئاهەنگ چووین، شتی ئەڵمانیمان پێیە، تکایە گیرفانت و هەموو شتێکت هەڵتەکێنە، نابێ هیچ شتێکت پێ بێ، گوتی خەمت نەبێ. هاتینە خوارێ ئۆتۆمبیلێکی مەدەنیمان بۆ هات، گوتم ئەرێ وەڵڵا پۆلیسن. پۆلیسەکان هاتن گوتیان لە کوێ بوون؟ گوتمان نەمانزانی ڕێگەمان هەڵە کردبوو، ئاوا ڕۆیشتین. گوتیان کەی لێرەوە ڕۆیشتن؟ گوتمان تۆزێک لەمەوپێش. گوتیان ئێمە لە بەیانییەوە لێرەین، نەماندی ئێوە لێرەوە بڕۆن، ئێمەیان پشکنی و هەموو جلەکانیان لەبەر داکەندین، تەنانەت سەیری ناو گەڵیشیان کردین، گومانی حەشیش و هێرۆیین و ئەم شتانەیان لێ دەکردین، لەگەڵ خۆیان سەریان خستین، کاتێک بە پاس چووینە شوێنێک، هاوڕێکەم بیتاقەیەکی پێ بوو، ئەوەی پێ گیرا، گوتیان ئێوە لە ئەڵمانیا بوون، ئیتر چاوپێکەوتنێکی دوورودرێژیان لەگەڵ کردین، ئەوانەی ئێمەش کە لەو بەرەوە بوون، بینییان کە ئێمە گیراین، ئیتر ئەوان ڕۆیشتنەوە.

**ڕامان:** کە ئێوەیان بینی گیران، هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** نەوەڵڵا، پێیانم وت من قوتابیم و موزیکژەنم، ئەوەی من ڕوونە و کەمانم پێیە، هاوڕێکەم حیکایەتەکەی شتێکی وا

نەبوو، ئیتر گوتیان بڕۆن، ئیزنیان داون، بەڵام دراون بە دادگە، لە دادگە بانگتان دەکەن، بۆ شەو دایان بەسەر هاوڕێکەمدا، هەموو شتێکیان هەڵتەکاند، بەڵام بۆ لای من نەهاتن، گوتم ئێستا بۆ لای منیش دێن، دیاربوو منیان بە مەعقوول زانیبوو، دراین بە دادگە و لە دادگە بەر لێبوردن کەوتین، شتێکی ئاسان بوو، لەجیاتی ئەوەی زیندانی بکرێین، بۆیان کردین بە ناشارەزا بووین، ئەوە حیکایەتی ئەو شریتە، کە لەوێ تۆمارمان کرد.

**ڕامان:** ئەی قەوانەکە، ئەو قەوانەی تۆمارتان کرد؟

**نامدار قەرەداغی:** تۆ لە من باشتری دەزانی، قەوانەکە پاش چەند ساڵێک تیپێک هەبوو، ئێمە پێوەندیمان لەگەڵ تیپی تردا هەبوو، دەچووینە تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ، پاش چەند ساڵێک تیپێک بە ناوی ئێکس هەبوو، هاتن بۆ لامان و ئەوەیان نیشان دا کە ئەوانیش حەزیان بە تێکەڵیی لەگەڵ کولتووری گەلان هەیە، ئەوانە باوەڕیان وا بوو، گوتیان ئێمە حەز دەکەین پێکەوە کارێک بکەین، لەگەڵیاندا کەوتینە کۆبوونەوە، ڕێککەوتین قەوانێک دەربکەین، دیوێکی هیی ئەوان و دیوێکی هیی ئێمە بێ، لە دیوەکەی ئەواندا ئیشی ئێمەی تێدا بێ، لە دیوەکەی ئێمەشدا ئیشی ئەوانی تێدا بێ، هەر ئەوە نەبێ ئێمە قەوانێک پێکەوە دەربکەین، جووڵەیەکی ئەوان لە مۆسیقای ئێمەدا بێ، جووڵەی ئێمەش لە مۆسیقای ئەواندا هەبێ.

**ڕامان:** باشە ئەوان کە مۆسیقاکەیان ڕۆژئاوایی بوو، چۆن لەگەڵ مۆرکە ڕۆژهەڵاتییەکەی مۆسیقای ئێوە دەگونجا؟

**نامدار قەرەداغی:** ڕاستە مۆسیقاکەی ئەوان مۆسیقایەکی ڕۆژئاوایی بوو، بەڵام من چووم بە کەمانەکەی خۆم، کەمانێکی کوردییانە، کە لەگەڵ هیی ئەواندا بگونجێ، خستمە ناو گۆرانییەکەی ئەوانەوە، ئەوانیش بە گیتارێک یەک دوو جووڵانەوەی وایان خستە ناو «دەمی ڕاپەڕینە»کەی ئێمەوە، ئێمە مۆسیقای «دەمی ڕاپەڕین»مان تۆمار کرد، ئیتر بوو بە قەوانێک و بڵاوبووەوە، لەگەڵ قەوانەکە دەلیلێکی لەگەڵدا بوو، هەمووی باسی کوردستان و بارودۆخی ئێمەی تێدا بوو، ئەو کارەشمان ئاوا جێبەجێ کرد.

**ڕامان:** ئەو کارە هاوبەشەتان چۆن پێشوازیی لێ کرا؟

**نامدار قەرەداغی:** زۆر بە ئەرێنی پێشوازی لێ کرا.

**ڕامان:** هیچ دەستکەوتێکی ماددیی بۆ ئێوە تێدا بوو؟

**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، هیچ شتێکی بۆ ئێمە تێدا نەبوو، لە هیچ کارێکماندا دەستکەوتی ماددیمان نەبووە، هەموو ئەو کارانە خۆبەخشانە کراون، هەندێکیشی دەبێ خۆت پارەکەی بدەی، لە ئەورووپا شتێکی دیکەشم کردووە، نووری ئیبراهیم (نووری مام برایم) هەبوو، پێشمەرگەیەکی زۆر زۆر ئازا، پێشمەرگەی ئەیلوول بوو، لە کەنەدا دەژیا، سەڵت (زگورتی) بوو، لە هۆڵەندا هاوڕێیەکی زۆر زرینگی هەبوو، فازڵ شەفیق، ئەویش پێشمەرگەیەکی زۆر ئازا بوو، لە ڕێگەی ئەوەوە ئەم (نووری ئیبراهیم) ـەم ناسی کە خەڵکی گەڕەکی ئیسکان بوو، کاتی خۆی ئێمەش لە سلێمانی، کەماڵمان لە ئیسکان بووە، لە دوورەوە یەکترمان ناسیوە.